Crescent Petroleum
پتر لە چلساڵ
بەشداری کردن لە پرۆسەی گەشەپێدانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست





دەنگت بیستراوە
ئاسیاسێڵ
www.asiacell.com
خزمەتگوزاری بەشداربووان ١١١



# ڕۆژنامە ٧

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.337 Mon 3/ 11/ 2008 | نرخ 500 دینار | ژمارە 337 دووشەممە 3/ 11/ 2008




لە شەڕی دژە تیرۆرەوە بۆ دژایەتیکردنی هێزە کوردییەکان ل ٦

لە کوردستاندا کێ بیر لە ئاسایشی خۆراک دەکاتەوە؟ ل ٧

کەرتی گەشتیاریی لە «عێراقەکەی تر» لاوازە ل ٨و ٩

یەکێتی لە شکستە یان نەوشیروان لە لوتکەدایە؟ ل ١٣


# محەمەدی حاجی مەحمود: پارتیو یەکێتی سوپایان هەیە، بۆیە خەڵک ڕاپەڕین لەدژیان ناکات



**ڕۆژنامە**

محەمەدی حاجی مەحمود ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە نارەزاییەکانی خەڵک لەدژی پارتیو یەکێتی گەیشتووەتە ئاستێک، لە ترسی سوپاکەیان خەڵک لەدژیان راناپەڕێت.

لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەدا سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان باس لەوەدەکات کە ئەوان دەتوانن خەڵک بهێننە سەرجادەو لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی داهاتووش گۆڕانی نەوعی ڕوودەدات.

محەمەدی حاجی مەحمود دەربارەی نارەزاییەکانی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسی ڕوونکردنەوەی زیاتر دەداو دەڵێت: «خەڵک زۆر نارازییەو هانی ئێمە دەدەن هەموو شتێک بکەین، کە خەڵک دەتوانن زۆر شت بکەن، ئەگەر میللەتەکە ئەو قسەیەی کە ئێستا دەیڵێت بە ڕاستی بێت، خۆ ئەگەر بە ڕاستیشی نەبێت، ئەوا دەستی یەکێتیو پارتی خۆش بێت، با لەوە زیاتریان لەگەڵدا بکەن».

هەروەها وتیشی: «ترسی خەڵک لە سوپاکەیانە، بۆیە لەدژیان ڕاپەڕین ناکرێت، ئەی لە هەڵەبجەو کەلارو شوێنەکانی تر خۆپیشاندان بە چی دامرکایەوە؟ بە گوڵ؟».

سکرتێری حیزبی سۆسیالیست کە هاوکات ئەندامی پەرلەمانی کوردستانیشە، باسی لەوەکرد لە پەرلەمان بڕیارەکان بە دەستی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەیە «ئەگەر پارتیو یەکێتی بڕیاریاندا شتێک بکرێت ئەو ڕۆژە پەرلەمان ئەو شتە پێشنیاز دەکات».

دەربارەی ڕێککەوتنی ستراتیژی عێراق- ئەمریکا، محەمەدی حاجی مەحمود بڕوای وایە «کورد بە بەلاش کارتی خۆی فرۆشتووە»و دەبوایە پێی لەسەر جێگیر بوونی چەند خاڵێک لە ڕێککەوتنەکەدا دابگرتایەو ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی بەگژ خۆیدا نەکردایە


**لە ل ٥دا چاوپێکەوتنەکە بڵاوکراوەتەوە**


## یەکێتی بە نیازە ١٠ پەرلەمانتار سزا بدات

**ئیبراهیم عەلی**
**هەولێر**

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، یەکێتی بە نیازە ١٠پەرلەمانتاری لیستەکەی سزابدات، لەبەرئەوەی لەکاتی پەسەندکردنی یاسای باری کەسێتی، لە بەرنامەی یەکێتی لایانداوە.

ئەو سەرچاوە ئاگادارە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، وتی: لەسەر داوای هەندێک لە هەڵسوڕاوانی ژنانی ناو یەکێتیو چەند پەرلەمانتارێکی لیستی سەوز پێدەچێت مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ئەو پەرلەمانتارانە سزا بدات کە دەنگیان بە فرەژنی داوە، یاخود ئامادەی دانیشتنەکەی پەرلەمان نەبوون، لەبەرئەوەی «لە بەرنامەی یەکێتی لایانداوە». ئەو سەرچاوەیە زیاتر وتی: «تەوجیهی یەکێتیی نیشتمانی ئەوەبووە کە دەبێت پەرلەمانتارەکانی لەناو هۆڵی پەرلەماندا دژی فرەژنی بووەستنو لەگەڵ قەدەغەکردنی فرەژنی بن، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ کاربکەن، بەڵام بە جیاوازیی چوار دەنگ تەوجیهەکەی یەکێتی سەرکەوتنی بەدەستنەهێناوە، بۆیە یەکێتی ئەو ١٠ پەرلەمانتارەی سزا دەدات».

وەک ئەو سەرچاوەیە باسیکرد، ئەو ١٠ پەرلەمانتارە چواریان دەنگیان بۆ فرەژنی داوەو سێ پەرلەمانتاریش لەناو هۆڵی پەرلەمان چوونەتە دەرەوەو پەرلەمانتارێکی دیکەش دەنگی بەهیچ بۆچوونێک نەداوەو دوو پەرلەمانتاریش لە دانیشتنی پەرلەمان ئامادەنەبوون.

سکرتێری ڕۆژنامەوانی وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە زاری مەلا بەختیارەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە مەکتەبی سیاسیی باس لەو بابەتە نەکراوەو ڕاست نییە.

## بارزانی دەچێتە ئەنقەرە

**بڕیار نامیق**

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، کە ئەگەری ئەوە لەئارادایە سەرۆکی هەرێم لەسەر ڕێی گەڕانەوەی لە واشنتۆن سەردانی ئەنقەرە بکات.

ئەو سەرچاوە ئاگادارەی ڕۆژنامە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد ئەمریکییەکان لە واشنتۆن کاریان بۆ دیداری دووقۆڵی بەرپرسانی باڵای ئەنقەرەو بارزانی کردووەو ئەگەری ئەوە بەهێزە کە لەکاتی گەڕانەوەیدا بارزانی بچێتە ئەنقەرەو دیدار لەگەڵ تورکەکان سازبکات.

سەرچاوەکە باسی لەوەشکرد کە ئەمڕۆ بارزانی واشنتۆن جێدەهێڵێو دەچێتە ئەڵمانیا.

چوونی بارزانی بۆ ئەنقەرە لە کاتێکدایە کە دوو ڕۆژ بەرلەوەی بچێتە واشنتۆن، لە هەولێر دیداری لەگەڵ نوێنەری حکومەتی ئەنقەرە سازکرد.

## (١١/١١) مانگرتنی درێژخایەنی مامۆستایانە

**ڕۆژنامە**

یەکێتی مامۆستایان بەیاننامەیەک بۆ ئاگادارکردنەوەی حکومەت لە داواکارییەکانیان دەردەکاتو ئەگەر تا ١١/١١ وەڵامی تەواویان نەدرێتەوە، «مانگرتنی درێژخایەن» ڕادەگەیەنن.

شێخ عەفان نەقشبەندی، سەرۆکی یەکێتییەکە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە چەندین جارە داوای گەڕانەوەی دەرماڵەکەمان دەکەین، بەڵام حکومەت گرنگی بە کێشەکانی مامۆستایان نادات، لەبەرئەوە بەیاننامەیەکمان دەرکردو بڕیارمانداوە کە ئەگەر تا ١١/١١ وەڵامی تەواوی داواکارییەکانمان نەدرێتەوە، ئەوا مانگرتنی سەرتاسەریی ڕادەگەیەنین.


**لە ل ٢دا ڕاپۆرتە هەواڵێک بڵاوکراوەتەوە**


## «ڕسوماتی خانووبەرە هەمان زیادەی پێشینەکەیە، لەڕووی شەرعەوە حەرامە»

**ئیبراهیم عەلی**

یەکێتی زانایانی کوردستانو لیژنەی فتوا، کە سەر بە یەکێتی زانایانە، ڕسوماتی پێشینەی خانووبەرە بە حەرام لەقەڵەم دەدەنو داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەن کە ئەو ڕسوماتە لە هاوڵاتییان وەرنەگرێت.

سەرچاوەیەک لە یەکێتی زانایان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تا ئێستا چەند کۆبوونەوەیەک لەنێوان یەکێتی زانایانو لیژنەی فتوادا کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕسوماتی پێشینەی خانووبەرەو بڕیار وایە سبەینێ (سێشەممە) کۆبوونەوەی کۆتایی بکرێتو بەیاننامەیەک ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەت بکرێت، بۆئەوەی پێشینەی خانووبەرە لە هاوڵاتییان وەرنەگرێت، چونکە ئەم ڕسوماتە هەمان زیادەی پێشینەکەیە کە لە هاوڵاتییان وەردەگیرێتو تەنها ناوەکەی گۆڕدراوە، ئەگەرنا لەڕووی شەرعەوە هەمان حوکمی هەیەو ئەویش حەرامە، بۆیە داوا لە حکومەت دەکەین ئەو ڕسوماتە لە هاوڵاتییان وەرنەگرن.

## «گروپی دەسەڵاتداری یەکێتی، شەرعییەتی کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە»

ڕۆژنامە

گروپێک لە کادیرو پێشمەرگەو ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هۆڵەنداو بەلجیکا، لەمەڕ بارودۆخی ناو یەکێتیو ڕووداوەکانی ئەم دواییە، بەیاننامەیەکیان ڕاگەیاندووەو باس لەوە دەکەن کە «گروپی دەسەڵاتداری یەکێتی شەرعییەتی کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە».

ئەو بەیاننامەیە کە لە ڕۆژی ١ی ئەم مانگە بڵاوکراوەتەوە، لە سەرەتادا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەم بارودۆخە ناسکەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، ئەرکی سەرشانی سەرجەم کادیرو پێشمەرگەو ئەندامانی یەکێتییە کە سەرکردایەتیو بەتایبەت مەکتەبی سیاسیی لە تەشەنەکردنی مەترسی دەستەگەرییو هەڵەو کەموکورییەکان ئاگادار بکاتەوە، تا یەکێتی لەو «قەیرانە ترسناکە» ڕزگار بکەینو ڕۆڵی سەربەرزانەی خۆی هەم لە خەباتی سیاسی، هەم لە حوکمڕانی کوردستاندا بگێڕێت.

ئەو گروپە وەک چارەسەرێک بۆ ئەو قەیرانانەی کە لەسەرەوە باسیان کردووە، داوا دەکەن «چیتر ڕێگە نەدرێت بە گروپێکی ناو یەکێتی، وەکو ئێستا پرەنسیپەکانی ڕێکخستن پێشێل بکەنو حوکمی یاساو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی فەرامۆش بکەنو هێزو توانا مادییو ڕێکخراوەییو مەعنەوییەکانی خەباتی دەیان ساڵەی شەهیدانو تێکۆشەرانی یەکێتیی بۆ بەرژەوەندی تایبەتیو دەستەو گروپو بنەماڵەکانیان بەکاربهێنن».

بەیاننامەکە کە بە ئیمزای ٨٤ کادیرو پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی بڵاوکراوەتەوە، وێڕای پشتگیریی خۆیان بۆ ڕەوتی گۆڕینی دیموکراسی (ڕەگ)، «گروپی دەسەڵاتداری ناو یەکێتی» بەوە تۆمەتبار دەکەن کە «لە کۆنگرەوە سیستماتیک بە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆو بەرنامەی یەکێتییەوە کار دەکات، لەبەرئەوە لەلای ئێمە شەرعییەتی کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە».


**لە ل ٣دا ڕاپۆرتێک بڵاوکراوەتەوە**

# «گروپی دەسەڵاتداری یەکێتیی، شەرعییەتی کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە»

## ڕاگەیاندنی گروپێک لە کادیرو پێشمەرگەو ئەندامانی یەکێتیی لە هۆڵەنداو بەلجیکا



**ڕۆژنامە**

گروپێک لە کادیرو پێشمەرگەو ئەندامانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هۆڵەنداو بەلجیکا، لەمەڕ بارودۆخی ناو یەکێتیی‌و ڕووداوەکانی ئەم دواییە، بەیاننامەیەکیان ڕاگەیاندووەو تێیدا وێڕای پشتگیریی خۆیان بۆ ڕەوتی گۆڕینی دیموکراسی (ڕەگ)، باس لەوە دەکەن کە «گروپی دەسەڵاتداری یەکێتیی شەرعییەتی کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە».

ئەو بەیاننامەیە کە ڕۆژی ١ی ئەم مانگە بڵاوکراوەتەوە، لەسەرەتادا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات «لەم بارودۆخە ناسکەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، ئەرکی سەرشانی سەرجەم کادیرو پێشمەرگەو ئەندامانی یەکێتییە کە سەرکردایەتی‌و بەتایبەت مەکتەبی سیاسی لە تەشەنەکردنی مەترسی دەستەگەریی‌و هەڵەو کەموکوڕییەکان ئاگادار بکاتەوە، تا یەکێتیی لەو قەیرانە ترسناکە ڕزگار بکەین‌و ڕۆڵی سەربەرزانەی خۆی هەم لە خەباتی سیاسی، هەم لە حوکمڕانی کوردستاندا بگیرێت»، ئەو گروپە وەک چارەسەرێک بۆ ئەو قەیرانانەی کە لەسەرەوە باسیان کردووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن «چیتر ڕێگە نەدرێت بە گروپێکی ناو یەکێتیی، وەکو ئێستا پرەنسیپەکانی ڕێکخستن پێشێل بکەن‌و حوکمی یاساو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی فەرامۆش بکەن‌و هێزو توانا مادیی‌و ڕێکخراوەیی‌و مەعنەوییەکانی خەباتی دەیان ساڵەی شەهیدان‌و تێکۆشەرانی یەکێتیی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی‌و دەستەو گروپ‌و بنەماڵەکانیان بەکار بێنن».

سەبارەت بە ڕاگەیاندنی ڕەوتی گۆڕینی دیموکراسی لە ٧ی مانگی ڕابردوو ئەو کادیرو پێشمەرگانەی یەکێتیی لە هۆڵەنداو بەلجیکا، پێیانوایە «ئەو کەسانە لە خەمخۆرییان لەسەر هەلومەرجی نالەباری ئێستای یەکێتیی‌و ڕاستکردنەوەو گۆڕانی بارودۆخی ژیانی ڕێکخراوەیی‌و حوکمڕانی یەکێتیی ئەو هەڵوێستەیان وەرگرتووەو ڕەوتی ڕەگیان ڕاگەیاند».

دەربارەی بڕیارەکەی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەشیان لە دژی چوار کەسەکەی دەستەی ڕاگەیەنەرانی (ڕەگ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن «بە داخەوە لە پەرچەکردارێکی دوور لە پرەنسیپی حیزبایەتی، گروپە دەسەڵاتدارەکەی مەکتەبی سیاسی بە نووکە قەڵەمێک ئەو چوار کادیرەی لە یەکێتیی دەرکردو بێگوێدانە پرەنسیپەکانی پارتە سۆسیال دیموکراتەکان».

ئەو کادیرو پێشمەرگەو ئەندامانەی یەکێتیی، کە ژمارەیان ٨٤ کەسە، لە بەشێکی تری ڕاگەیاندنەکەیان سەبارەت بەڕووداوەکانی ئەم دووایییەی یەکێتیی، بۆچوون‌و هەڵوێستی خۆیان خستووەتەڕوو «ڕەوتی گۆڕینی دیموکراسی هەوڵێکە کە بەرنامەکەی پەیامی ڕاستکردنەوەو چاکسازیی نێو ماڵی یەکێتیی ڕاگەیاندووە، پشتیوانیی دەکەین لەو دەستپێشخەرییەی (ڕەگ)و سەرجەم ئەو هەڵمەتانەی کە مەبەستیان چاکسازییە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانداو بۆ ئەنجامدانی گۆڕانی بنچینەیی لە ئەقڵ‌و پێکهاتەی سەرکردایەتی‌و لە ڕیزەکانی ڕێکخستنی یەکێتیدا»، هەروەک دووپاتیان کردووەتەوە کە «دژی بڕیاری دەرکردنی ٤ کادیرەکەی (ڕەگ)و دژی دەرکردنی کادیری ڕەوتی یەکبوونین، پێمانوایە هەر دوو بڕیارەکە سەرپێیی‌و پەلە دراون‌و لەگەڵ پرەنسیپەکانی پارتە سۆسیال دیموکراتەکاندا ناگونجێن». داوا لە مەکتەبی سیاسی یەکێتیش دەکەن بڕیارەکەی هەڵوەشێنێتەوە، گروپی دەسەڵاتداری ناو یەکێتیش بەوە تۆمەتبار دەکەن «لە کۆنگرەوە سیستماتیک بە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆو بەرنامەی یەکێتییەوە کار دەکات، لەبەر ئەوە لەلای ئێمە شەرعییەتی کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە».

ئەوانەی ڕاگەیاندنەکەیان بڵاوکردووەتەوە، پشتگیریی خۆیان بۆ هەموو هەوڵێک دەربڕیوە کە لەڕێی دیالۆگەوە لەیەک تێگەیشتن‌و بەرنامەی کاری ڕەواو گونجاو بۆ ئایندەی یەکێتیی ساز بدرێت‌و زەمینەی دیموکراتییانە لە ژیانی ڕێکخراوەیی یەکێتیدا بۆ مینبەرو باڵە جیاجیاکان مسۆگەر بکات.



# ئاریز عەبدوڵڵا: پێویستە داواکاریی گشتی دۆسیەیەک بۆ ئەو کەسانە بکاتەوە کە هێرش دەکەنە سەر پەرلەمان

**نیاز نایف**

پەسەندکردنی یاسای فرەژنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، ناڕەزاییەکی دوو لایەنەی لەلایەن هەریەک لە ڕێکخراوەکانی ژنان‌و مامۆستایانی ئایینییەوە لێکەوتووەتەوەو لە هەردوو لایەنەکەوە ڕەخنە لە بڕیارەکەی پەرلەمان دەگیرێت، بەوەی لەلایەک لە دژی بنەماکانی دیموکراسییەو لە لایەکی دیکە دژ بە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام لە قەڵەم دەدرێت.

لە دوایین خوێندنەوە بۆ پرۆژەیاسای باری کەسێتی لەپەرلەمانی کوردستان، لە ٢٠٠٨/١٠/٢٧داو پاش گفتوگۆیەکی چڕوپڕی ئەندامانی پەرلەمان، یاسای فرەژنی خرایە دەنگدانەوەو لە ئەنجامدا بە کۆی ٣٩ دەنگو بە جیاوازی تەنها ٤ دەنگ، لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە فرەژنی بە مەرجداریی هێڵرایەوە.

هەر دوابەدوای بڕیارەکەی پەرلەمان، بیروڕای جیاواز سەبارەت بە یاساکە لە ناوەندە جیاجیاکانی کوردستاندا سەریهەڵداو ڕێکخراوەکانی ژنان یاساکەیان بە پێشێلکردنی دەستوورو مافی تاکەکان‌و دیموکراسی وەسف کردو بۆ ئەو مەبەستەش کەمپەینێکیان دژی بڕیارەکە پێکهێنا.

ئاریز عەبدوڵڵا، سەرۆکی پەیوەندییەکان‌و ڕۆشنبیریی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەوەداکە هەریەک لە ڕێکخراوەکانی ژنان‌و زانایانی ئاینی، مافی خۆیانە هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر ئەو هەموارکردنە دەرببڕن، چونکە بوونی ئازادی ڕادەربڕین‌و جیاوازی بیروڕا، نیشانەی دیموکراسییەو وتی: «بەڵام لە میانەی ئازادی ڕادەربڕیندا هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە زیادەڕۆیی‌و سەرپێچی بکات‌و مافی دەزگایەکی نیشتمانیی پێشێل بکات‌و خەڵک هانبدات بەرەو ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکەو بەدگومانکردنیان لە هەر یاسایەک کە دەردەچێت».

مەرجدارکردنی فرەژنی‌و یاسای باری کەسێتیی بابەتی وتاری ڕۆژی هەینی بەشێک لە مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستانی پێکهێناو هەندێک لە مامۆستایانی ئاینیی لە میانەی وتارەکانیاندا جەختیان لەسەر فرەژنی کردووەتەوەو قەدەغەکردنی فرەژنییان بە «لادان لە دەقەکانی قورئانی پیرۆز» لە قەڵەمداوەو ڕەخنەیان لە ئەندامانی پەرلەمان گرتووە کە ئەو مەرجانەی بۆ فرەژنی دیاریکراوە، زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت‌و پێچەوانەی خواستی خەڵکی کوردستانە.

ئەندامەکەی پەرلەمانی کوردستان بە توندی ڕەخنەی لە وتاری هەندێک لە مەلاکان گرت‌و تۆمەتباری کردن بە «پێشێلکردنی یاسا»و داوای کرد دۆسیەیەکی یاسایی تایبەت بۆ سزادانی ئەو مەلایانە بکرێتەوەو وتی: «پێویستە داواکاریی گشتی دۆسیەیەک بۆ ئەو کەسانە بکاتەوە کە هێرش دەکەنە سەر حکومەت‌و پەرلەمان، بە تایبەت لە مینبەری مزگەوتەکاندا».

ئاریز عەبدوڵڵا، ئەوەشی خستەڕوو کە بەڵگە لەبەر دەستدایە مەلایەک لە سەردەمی ئەنفالداو لەو کاتەی کە مزگەوتەکان دەڕووخێنران‌و قورئانەکان دەسووتێنران، لە نوێژی هەینی دوعای بۆ مانەوەو پایەداربوونی سەدام حسێن کردووە، بەڵام ئەمڕۆ لە سایەی دیموکراسیدا کە هەمواری یاسایەک دەکرێت، دژایەتی خۆی بۆ پەرلەمانی کوردستان‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەردەبڕێت‌و خەڵک لە بەرامبەر ئەو دەزگایانە هان دەدات، ئاریز عەبدوڵڵا داوای لە حکومەت‌و وەزارەتی ئەوقاف کرد کە ئیجرائاتی پێویست بەرامبەر هەر کەسێک بکات کە مینبەری مزگەوت بۆ مەبەستی سیاسیی‌و تایبەت بەکار دەهێنێت‌و خەڵک چەواشە دەکەن.

ئەو ئەندام پەرلەمانە، هێمای بۆ ئەوەشکرد کە سەرەڕای ناڕەزاییەکان، گفتوگۆکان لەسەر پرۆژەیاسای باری کەسێتیی بەردەوامن‌و دواجار ئەو یاسایەی کە دەردەچێت، دەبێت سەرۆکی هەرێم ڕەزامەندیی لەسەر دەربڕێت‌و وتیشی: «ئێمە هەر بۆچوونێک لەبەرچاو دەگرین بە ئاراستەی گەیشتن بە ئەنجامێکی باشتر، بەڵام ئەو مادانەی کە دەنگمان لەسەری داوە، جارێکی دیکە ناگەڕێینەوە سەریان».

لەو کەمپەینەدا کە ڕێکخراوەکانی ژنان بە مەبەستی دروستکردنی فشار دژی بڕیاری مانەوەی فرەژنی لە یاسای باری کەسێتیی کوردستان پێکیان هێناوە، زیاتر لە ٣٤ ڕێکخراوی مەدەنی تیایدا بەشدارن‌و هەوڵدەدەن لە ڕێگەی فشارەکانیانەوە کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە بکەن‌و بۆ ئەو مەبەستەش بەیاننامەیەکیان بڵاوکردووەتەوە کە تێیدا هاتووە، «ئێمە وەک کەمپەینی داکۆکی لە مافە یاسایی‌و مەدەنییەکانی ژنان‌و فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و ژمارەیەک لە کەسایەتیی، داوا دەکەین؛ ڕێگا نەدەن بە جێگیرکردنی فرەژنی لە یاساداو هەموارکردنی سەرجەم ئەو یاسایانەی جیاکاریی ڕەگەزیی تێدایەو زەمینەسازیی بۆ فرەژنی دەخوڵقێنن».

# «عەبدولکەریم خەڵەف خەو بە ڕۆژگاری بەعسەوە دەبینێت»

**ئەلەند مەحوی**

ڕێکخراوێکی کوردی داوا لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان‌و حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان دەکات، «هەڵوێستی توند» وەربگرن بەرامبەر لێدوانەکانی عەبدولکەریم خەڵەف، کە «سوکایەتیدەکات بە مافەکانی گەلی کوردو خەون دەبینێت بە ڕۆژگارە ڕەشەکانی ڕژێمی بەعسەوە».

لیوا ڕوکن عەبدولکەریم خەڵەف، وتەبێژی ڕەسمیی وەزارەتی ناوخۆو جێگری نوێی سەرۆکی عەمەلیاتی سوپای عێراق، لە لێدوانێکدا کە لە ژمارەی دوێنێی ڕۆژنامەدا بڵاوکراوەتەوە، باسی لەوەکردووە: سوپای عێراق بەشداریی پرۆسەی ئەنفالی نەکردووەو تەنها هێزی فڕۆکەوانی عێراق بەشداریی کردووە، کە ئەویش هێزێکی جیاوازبووەو لەژێر دەسەڵاتی سوپای عێراقدا نەبووە، جگە لەوەی کە سوڵتان هاشم، وەزیری بەرگریی ڕژێمی بەعسیش بە بێتاوان دەزانێت.

ناوەندی هەڵەبجە، دژی ئەنفال‌و جینۆسایدی کورد (چاک) لە بەیاننامەیەکدا ئەو ئەفسەرە عێراقییە بە «بێ شەرم» لەقەڵەم دەدات‌و ڕایدەگەیەنن کە «بێشەرمی وا هەر لە کەسانی خوێنڕێژی وەکو کۆنە ئەفسەرەکانی سوپای ڕژێمێکی خوێنڕێژی وەک بەعسی عێراق دەبینرێت».

لە بەشێکی تری بەیاننامەکەی چاکدا هاتووە: هەر کەسێک کەمترین بەهای مرۆڤایەتی لابێت‌و ویژدانی زیندوو بێت، ڕێگە بە خۆی نادات بە هیچ شێوەیەک ڕووی سوپاو دامودەزگای داپڵۆسێنەری ڕژێمی بەعس سپی بکاتەوە، ئەو ڕژێمەی خاوەنی سەدان گۆڕی بەکۆمەڵ‌و قارەمانی سوتاندن‌و کاولکردنی هەزاران شارو شارۆچکەو گوندی کوردستان بوو.

لیوا ڕوکن عەبدولکەریم خەڵەف، تا ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس یەکێک بووە لە پلەدارە سەربازییەکانی عێراق‌و لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا یەکێک بووە لە ئەفسەرە سەرپەرشتکارەکانی ئەو پرۆسە سەربازییەی لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە کرایە سەر شاری هەولێر.

ناوەندی چاک، هەر لە بەیاننامەکەیدا داوا لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان‌و حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان دەکات، کە هەڵوێستی توند لە بەرامبەر لێدوانەکانی عەبدولکەریم خەڵەف وەربگرن، کە «سوکایەتی دەکات بە مافەکانی گەلی کورد»و پێشیوایە ئەو جۆرە لێدوانانە «خەوبینینە بە ڕۆژگارە ڕەشەکانی سەردەمی بەعسییە فاشییەکان‌و بۆنی خوێنی لێدێت».

www.rozhnama.com

# بەیانیت باش کوردستان

## شەبەک خۆپیشاندان دەکەن

**ئەمیر گۆران – موسڵ**

سەدان هاوڵاتی شەبەک لە خۆپیشاندانێکدا داوادەکەن بخرێنە سەر هەرێمی کوردستان‌و ئەو بۆچوونانەش ڕەتدەکەنەوە کە شەبەک نەتەوەیەکی جیاوازە لە کورد.

دوێنێ نزیکەی هەزار هاوڵاتی شەبەک لە شارۆچکەی باشیک لە خۆرهەڵاتی موسڵ خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی باشیک سازکردو داوایان کرد ناوچەکانیان بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، هەر لەو خۆپیشاندانەدا شەبەکەکان ئەو داوایەی حەنین قەدۆی پەرلەمانتاری شەبەکیان ڕەتکردەوە کە شەبەک نەتەوەیەکی جیاو سەربەخۆبێت لە کوردو جەختیان لەوەشکردەوە کە شەبەک بەشێکی دانەبڕاوە لە کورد.

خۆپیشاندەران لەو دروشمانەی بەرزیانکردبووەوە، ئەوەیان ڕەتکردبووەوە کە شەبەک کورسیی جیایان هەبێت لەنێو ئەنجومەنی پارێزگای موسڵیشدا «چونکە ئەگەر بوونە خاوەن کورسی، بەواتای جیابوونەتەوە لە کورد».

## خۆپیشاندانی مامۆستایانی گوندەکانی قەزای چەمچەماڵ

**ئاکۆ محەمەد شوانی**

سەرجەم مامۆستایانی گوندەکانی سنووری قەزای چەمچەماڵ کە نزیکەی ٤٠٠ مامۆستا دەبن، سەر لەبەیانی دوێنێ لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی چەمچەماڵ خۆپیشاندانیان کرد، بەهۆی دواکەوتنی مووچەو وەرنەگرتنی شەش مانگی زیادەی مووچە.

مامۆستاکەمال حەمە غەریب،نوێنەری مامۆستا مانگرتووەکان بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە هەموو مانگێک دەبێت ٢٥ی مانگ مووچە وەربگرین، کەچی مانگانە مووچەکەمان دوادەکەوێت بۆ ٤ تا ٥ی مانگی داهاتوو، شەش مانگی زیادەی مووچەش لە هەموو کوردستاندا سەرفکراوە، کەچی تاوەکو ئێستا لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی چەمچەماڵ دابەش نەکراوە.

عەبدولڕەحمان سدیق، بەرپرسی لقی یەکێتی مامۆستایانی چەمچەماڵ، بە رۆژنامەی وت: «ئێمەش پشتگیریی داواکارییەکانی مامۆستایان دەکەین‌و ئێستاش لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی چەمچەماڵ لەهەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەداین».

نوری ڕەحیم، بەڕێوەبەری پەروەردەی چەمچەماڵ، هۆکاری دواکەوتنەکەی گەڕاندەوە بۆ کەمی کات، وتیشی: «لیستەکە تەواو بووەو لە چەند رۆژی داهاتوودا مووچەکەیان دەدرێتێ».

# تا ئێستا پۆلیسە تۆمەتبارەکانی خۆپیشاندانەکەی خەلیفان نەدراونەتە دادگا

**بورهان قادر**

**هەولێر**

تا ئێستا پۆلیسە تۆمەتبارەکانی رووداوی خۆپیشاندانی گوندی سرێشمەی ناحیەی خەلیفان نەدراونەتە دادگا، کە تێیدا گەنجێکی ١٧ ساڵان کوژراو شەش کەسی دیکەش بریندارببوون.

دوای ئەوەی لە ٢٠٠٨/٨/١٧ بە سەدان هاوڵاتی دانیشتووی گوندی سرێشمەی سەر بە ناحیەی خەلیفان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی گوندەکەیان خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم ناحیەی خەلیفان ڕێکخست‌و هێزەکانی پۆلیسیش بە تەقە وەڵامی خۆپیشاندەرانی دایەوەو ئەمەش بووە هۆی کوشتنی گەنجێکی ١٧ ساڵان‌و بریندارکردنی شەش هاوڵاتی دیکە، دواتریش لەسەر ئەو کێشەیە شەش پۆلیس‌و ئەفسەرێکی ناحیەکە دەستگیرکران، بەڵام تا ئێستا ئەو پۆلیسانە نەدراونەتە دادگا، ئەمەش بووەتە هۆی نارەزایی خەڵکەکەو لەناو هەندێک لە هاوڵاتییانیش گومانی ئەوەش هەیە کە چەند کەسێک کە تۆمەتبارن بەو کارە، ئازاد کرابن.

عەمید ئەسکەندەر باپیر، بەڕێوەبەری پۆلیسی سۆران، لەوبارەیەوە بۆ رۆژنامە وتی: «شەش پۆلیس‌و ئەفسەرێکمان دەستگیرکردووەو تا ئێستا کەسیان ئازاد نەکراون‌و لێکۆڵینەوەشیان لەگەڵدا کراوە، بەڵام تا ئێستا کەسیان نەدراونەتە دادگا».

### نووسینگەی ئاژانسەکە لە کوردستان دەکرێتەوە

# ئاژانسی (JICA)ی ژاپۆنی چەند پرۆژەیەکی گەورە لە هەولێر جێبەجێدەکات

**راگەیاندنی پارێزگای هەولێر**

ئاژانسی ژاپۆنی بۆ هاریکاریی نێو نەتەوەیی بەمزووانە ئۆفیسێک لە هەولێر دەکاتەوەو چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری لەو شارەدا جێبەجێدەکات. کە تێچووی پرۆژەکان لەو پێنج ملیار دۆلارە تەرخان دەکرێت کە ژاپۆن دەیبەخشێتە عێراق.

دوێنێ لە میانی دیدارێکیاندا لەگەڵ نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر، شاندی ئاژانسەکە بە سەرۆکایەتی د .جۆنیچی یامادا، بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانسەکە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، باس لەو کارو پرۆژانە کرا کە ئاژانسەکە لە کوردستان جێبەجێیان دەکات، لەوانە پرۆژەی نۆژەنکردنەوەو پەرەپێدانی وێستگەکانی ١٣٢ کەی ڤی‌و تۆڕەکانی کارەبای هەولێر، کە بەپێی گرێبەستێکی ئاژانسەکە لەگەڵ وەزارەتی کارەبا بە گوژمەی ٣٠٠ ملیۆن دۆلار بەمزووانە دەستی پێدەکرێت. لەگەڵ فراوانکردنی هێڵی سێیەمی ئاوی ئیفراز، کە ئێستا لە ئامادەکاریدایەو بڕیارە لەنیوەی دووەمی ساڵی داهاتوو دەست بکرێت بە کارکردن تێیدا. کە تێچووی ئەو پرۆژانە لەو (٥) ملیار دۆلارە تەرخان دەکرێت کە ژاپۆن وەک بەخشین (مینحە) دەیداتە عێراق. هەروەها ئاماژەیان بۆ هەوڵەکانی ئاژانسە کرد بۆ کردنەوەی نووسینگەیەک لە پایتەختی هەرێمی کوردستان.

پارێزگاری هەولێر وێڕای خۆشحاڵی بە کردنەوەی ئۆفیسی ئاژانسەکە لە هەولێرو ئەو کارو پرۆژانەیان، جەختی لەسەر هەماهەنگی‌و هاوکاریی هەردوولایان کردەوە بۆ خزمەت گەیاندنی پترو بەشدارییەکی کاراتریان لە ڕەوشی ئاوەدانی‌و گەشەپێدان‌و بەتایبەتیش لە بوارەکانی ئاوو کارەبا.

# ژمارەیەک بەنزینخانەی بچووک لە سلێمانی دادەنرێن

**رۆژنامە**

ژمارەیەک بەنزینخانەی بچووک لە سنووری پارێزگای سلێمانی دروست دەکرێت‌و چەند مەرجێکیش بۆ دروستکردنی بەنزینخانەکان دانراوە.

زانا محەمەد ساڵح، قایمقامی قەزای مەڵبەندی سلێمانی رایگەیاند: تا ئێستا ٢٥٠ کەس داواکارییان پێشکەشکردووە بۆ دانانی بەنزینخانەی بچووک، بەڵام لەناو شاری سلێمانیدا تەنها ١٢ جێگە بۆ ئەو مەبەستە دیاریکراوە، وتیشی: سەرەڕای ئەوەش تا ئێستا من رازی نیم لە سنووری قەزاکەمدا دابنرێت.

بەنزینخانەکان لە رووبەری ١٠٠مەتر دووجادا دروست دەکرێن‌و تا ئێستا چەند بەنزینخانەیەکی لەوشێوەیە لە دەوروبەری سلێمانیدا دروستکراون ئەوانیش لە تاسلۆجەو چەمچەماڵ.

سەبارەت بەو مەرجانەی کە دانراون بۆ دانانی بەنزینخانەکان، تارق محەمەد نوری، بەڕێوەبەری نەخشەدانان لە پارێزگای سلێمانی بە رۆژنامەی راگەیاند، پێویستە رێ لە هاتوچۆ نەگرێت، بۆماوەی یەک ساڵ دەبێت، هەر کەسێک بەنزینخانەکەی بۆ دەردەچێت، دەبێت بەڵێن بدات کە هەرکاتێک حکومەت یان شارەوانی پێویستیان بەشوێنەکە بوو، چۆڵی بکات.

بڕیارە پێدانی بەنزینخانەکان بە هاوڵاتییان لە زیادکردنی ئاشکرا بێت‌و گرێبەستی بەکرێدانیش بۆ ئەوانە بکرێت کە بۆیان دەردەچێت.



### یەکێتی مامۆستایان:

# ١١/١١ مانگرتنی درێژخایەنە

**شارا عەبدولڕەحمان**

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بەیاننامەیەک بۆ ئاگادارکردنەوەی حکومەت لە داواکارییەکانیان دەردەکات‌و دووپاتیدەکەنەوە ئەگەر تا ١١/١١ وەڵامی تەواویان نەدرێتەوە، مانگرتنی درێژخایەن رادەگەیەنن، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران تائێستا هیچ کۆبوونەوەیەکی لەوبارەیەوە ئەنجامنەداوە.

شێخ عەفان نەقشبەندی، سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، لەبارەی بەیاننامەکەیانەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەمە چەندین جارە کە داوای گەڕانەوەی دەرماڵەکەمان دەکەین، بەڵام حکومەت گرنگی بە کێشەکانی مامۆستایان نادات، لەبەرئەوە بەیاننامەیەکمان دەرکردو بڕیارمانداوە کە ئەگەر تا ١١/١١ وەڵامی تەواوی داواکارییەکانمان نەدرێتەوە، ئەوا مانگرتنی سەرتاسەریی مامۆستایان رادەگەیەنین.

دوای ئەوەی لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵدا مامۆستایانی سلێمانی‌و چەند ناوچەیەکی تر بۆماوەی چەند رۆژێک مانیانگرت، وەزیری پەروەردە بەڵێنی پێدانی دەرماڵەکەی بە سێ فیئە پێدان، بەڵام ئەو بەڵێنە نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە، سەرۆکی یەکێتی مامۆستایان لەوبارەیەوە وتی: «وەزارەتی دارایی‌و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی پێشنیازیان کرد کە پلەکانی حەوت‌و هەشت بڕی ١٠٠ هەزارو پلەکانی پێنج‌و شەش بڕی ٧٥ هەزارو پلەکانی دوو سێ‌و چوار بڕی ٥٠ هەزاریان پێبدرێت‌و ئیمزاشیان کرد، بەڵام نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە، ئێمە تەنازولمان لە ١٢٥ هەزارەکەمان کردو بەو بڕەش رازی بووین، بەڵام ئەوەشمان بۆ جێبەجێنەکرا».

سەباح سادق، راوێژکاری وەزارەتی دارایی، بە رۆژنامەی راگەیاند: لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو سەندیکای مامۆستایان دانیشتین‌و ئەو پێشنیازەمان کرد کە بکرێتە سێ فیئە، هەر چاوەڕێ بووین کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە رەزامەندیمان بۆ بێتەوە، بەڵام تا ئێستا بڕیاری بۆ دەرنەچووە، دەڵێن بڕیاردراوە کە پلەکانی حەوت‌و هەشت حەفتاو پێنج هەزاریان وەک دەرماڵە پێبدرێت، ئەو بڕیارەشمان بەدەست نەگەیشتووە.

سەبارەت بە بەیاننامەکەی یەکێتی مامۆستایان‌و پێدانی دەرماڵە بە پلەکانی حەوت‌و هەشت، محەمەد قەرەداغی، سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو کە بەیاننامەکەیان بەدەست گەیشتووە، بەڵام تا ئێستا هیچ کۆبوونەوەیەکی لەسەر نەکراوە، وتیشی: «بڕیار لەسەر پێدانی ٧٥ هەزار دینار بە پلەکانی حەوت‌و هەشت دەرچووەو لە مانگی نوێوە بۆیان سەرفدەکرێت، بۆ داواکارییەکانی تری مامۆستایان پێویستە وەزارەتی پەروەردە بە داواکاریی بۆمانی بنێرێت‌و کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی لەسەر بکرێت، بەڵام مەرجیش نییە وەزیر داواکاریمان بۆ بنێرێت‌و داوای جێبەجێکردنی داواکارییەکانی مامۆستایان بکات».

لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی یەکێتی مامۆستایاندا، کە رۆژی ١٠/٢٥ بەڕێوەچوو، بڕیاردرا کە بەمەبەستی دەستوەرنەدان‌و کۆتایی پێنەهێنانی مانگرتنی ئەمجارەی مامۆستایان، یەکێتی مامۆستایان سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی‌و پارتی بکات، شێخ عەفان، سەرۆکی یەکێتی مامۆستایان، لەوبارەیەوە وتی: «سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیمان کردو بڕیارە لەم چەند رۆژەشدا سەردانی مەکتەبی سیاسیی پارتی بکەین‌و لەهەمان بارەوە قسەیان لەگەڵ بکەین».

## محەمەد حاجی مەحمود:

# پارتیو یەکێتی سوپایان هەیە بۆیە خەڵک لە دژیان ڕاناپەڕێت

سازدانی ڕۆژنامە

٢-٢

**ڕۆژنامە: ماوەیەکە لە کوردستاندا بە گەرمی باس لە چاکسازییو ریفۆرم دەکرێت، هەندێک چاودێری سیاسیش وای بۆدەچن کە ڕەشەبای ریفۆرم دەستی پێکردووە، ئێوە پێتانوایە چاکسازیی دەبێت چۆن بکرێت؟**

* ریفۆرم بە بەرنامە دەکرێت، لە سەرەتاوە پێویستە دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەری لێک جیابکەیتەوەو دەستێوەردانو تەداخول نەبێتو هەر کەسێک ئیشی خۆی بکات، بەڵام لە کوردستاندا ئەمە نییە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە دەستوورمان نییە، ئێمە پێویستمان بەوەیە دەستووری کوردستان دەربکەین بۆ چارەسەری گرفتەکان، ئاسان نییە لەم هەرێمەدا ریفۆرمکردن، ڕەنگە ریفۆرم دەنگێک بێتو قسەبکاتو هەولبدات، بەڵام تۆ تا مەسەلە بنەڕەتییەکەی دانەڕێژیت، ئاسان نییە، لە کوردستاندا حیزبی میلیشیا هەیە، ئایا یاسایەک هەیە بتوانێت ئۆپۆزسیۆن بپارێزێت؟ لە وڵاتانی ئەوروپا کاتێک لە حکومەتدا کێشە لەنێوان سەرۆک وەزیرانو سەرۆکی پەرلەمان یاخود ئەندام پەرلەمانێکدا دروستدەبێت، دوای کێشەکە کە هاتنە دەرەوە لە بینای حکومەت، هیچ کێشەو پەرچەکردارێکی توندوتیژی دروست نابێت، بەڵام لێرە کە کێشە دروستبوو، ئاسایشو سوپای حیزبەکە دەوری ماڵەکەی دەگرێت، بۆیە پێموایە پێویستی بە کاری زیاتر هەیە، هەرچەندە لەگەڵ ئەوەدام کە مومارەسەی زیاتر بکرێتو دەنگیش بەرزبکرێتەوە، بەڵام ئاسان نییە بەو پەلەییە، ئەگەر شتێکیش بکرێت من پێموایە خەڵکیش لەسەر پێیەو ناڕازییەو قسە دەکات.

**ڕۆژنامە: ئێوە ئەندامی پەرلەمانی کوردستانو سیفەتی نوێنەری گەلتان هەیە لەو پەرلەمانەدا، بۆچی پەرلەمان تا ئێستا بڕیار لەسەر دەستوور نادات کە تۆ پێتوایە دەستوور زامنی چاکسازییە؟ ئایا ڕێگرەکانی بەردەم دانانی دەستووری هەرێم چییە؟**

* ئێمە زۆرجار داوامانکردووە، بەڵام لە پەرلەمان بڕیارەکان لە دەستی هەردوو حیزبەکەدایە، ئەگەر پارتیو یەکێتی بڕیاریاندا شتێک بکرێت، ئەو ڕۆژە پەرلەمان ئەو شتە پێشنیاز دەکات، ئەگەر بڕیاریش نەدات، ناکرێت.

**ڕۆژنامە: تۆو زۆرێک لە پەرلەمانتاران دەڵێن پەرلەمان بەدەست حیزبەوەیە، باشە ئێوە کە بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویتان لەسەرە، ئێوە کە دەزانن کە ئەمە حاڵی پەرلەمانە بۆچی هەڵوێست وەرناگرن؟**

* ئێمە قسە دەکەین، کە قسەش دەکەین لە پەرلەمان، قسەکانمان نابێتە یاسا، چونکە ئێمە زۆرینە نین، چونکە زیاتر لە ٨٠ ئەندام پەرلەمان هی ئەو دوو حیزبەیەو ئەوان دەتوانن بڕیار لە مەسەلەکان بدەن.

**ڕۆژنامە: ئێوە کە هەر دەڵێن پەرلەمان ئەکتیڤ نییە، باشە چ پرۆژەیەکتان هەبووە بۆ ئەکتیڤکردنی پەرلەمان، یاخود بۆ دەست لەکار ناکێشنەوە؟**

* من بۆخۆم زیاتر لە ٣٠ پرۆژەم پێشکەشی پەرلەمانو حکومەتو سەرۆکایەتی هەرێم کردووە کە چی بکرێت باشە، بەڵام کە ناکرێت ناچارین هەندێکیان لە ڕاگەیاندنەکاندا باس بکەین، مەسەلەی وازهێنانیش ئەوەی کە بەشداربوونی ئێمە لە پەرلەمان زیاتر مەسەلەیەکی سیاسییە، بە دیوێکی تریشدا بوونی ئێمە لە پەرلەمان باشترە لە نەبوون، چونکە جاری وا هەیە هەندێک بڕیاری یاسا بە بێدەنگی تێدەپەڕێنن.

**ڕۆژنامە: بۆچوونت لەسەر ئەو لیژنەیە چییە کە ئەنجومەنی وەزیران بۆ چاکسازیی ئیدارییو نەهێشتنی گەندەڵی لەناو حکومەتدا دروستی کردووە؟**

* وەک باسمکرد ئەگەر بەرنامەیەکمان نەبێت، پلانمان نەبێت لە وڵاتدا کە ئێمە تا (٥)ساڵی تر چی دەکەین، تا ١٠ ساڵی تر چی دەکەین، دەیان لیژنە دروست بکرێت دەیان گۆڕان بکرێت، باوەڕناکەم هیچی پێبکرێتو هەر لە جێی خۆی دەسوڕێتەوەو هیچی پێناکرێت، لە کوردستاندا لیژنەکان زۆربەی حکومەت دروستی دەکات، لەکاتێکدا ئەو لیژنەیە ئیشی لێکۆڵینەوەیە لە کەموکورتییەکانی حکومەت، باشە لیژنەیەک حکومەت خۆی دروستیبکات، چۆن دەتوانێت لە کەموکورتی خۆی بکۆڵێتەوە لەکاتێکدا حکومەتەکە خۆی بەرپرسە لە کێشەکە بەلای کەمەوە، ڕەنگە پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم چاودێریی بکات، لەوانەیە کاری باشی پێبکرێت، بەڵام ئایا حکومەت خۆی کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، خۆی دەتوانێت لیژنە دروستبکات بۆ چاودێریکردنی خۆی.

**ڕۆژنامە: ئێوە وەکو حیزبە کوردستانییەکان کە ئێستا هەمووتان ئەندامتان هەیە لە پەرلەمان، هەمووشتان ڕادیۆو تەلەفزیۆنی خۆتان هەیە، کۆمەڵێک دەنگن بەیەکەوە لەسەر کۆمەڵێک شت کۆکن، بۆ ئەم ڕاگەیاندنانەی خۆتان نەخستووەتە کار بۆ ئەوەی میللەت ئاگاداربکەنەوە کە ئێمە پێویستمان بە دەستوورێکی وا هەیە نەک لە یاسای بۆ نموونە جگەرەکێشانو باری کەسێتیو کۆمەڵێک شتی لەو بابەتە؟**

*ئێمە باسمان کردووە لە پرۆژەکەش باسمان کردووە، زۆرجار من لەناو پەرلەماندا باسمکردووەو وتوومە لەباتی ئەوەی خۆمان ٢ سەعات هیلاک کردبێت بە شتێکەوە کە لێی نازانین، بۆ نموونە ئەو ڕۆژەی کە باسی یاسای فڕۆکەوانیو فڕۆکەخانە کرا، ئەوانەی کە لەوێ بووین نەمانزانی دەرگای فڕۆکەکەش بکەینەوە، ٤ سەعات ئێمە مەشغوڵی ئەوە بووین، من وتم لەباتی ئەوەی کە لێی نازانین با دەستوورەکە دابنێینو دوو شارەزاش دانێینو باسی ئەوەمان بۆ بکات، مەوزوعەکان ئەوە نییە کە باس نەکرابێت، باسمان کردووە لە پرۆژەکەش باسمان کردووە، من لە نامەی خۆشم بۆ پەرلەمانو بۆ سەرۆکی هەرێمیش باسمکردووە.

**ڕۆژنامە: ئەوەندەی هەست دەکرێت بۆ حیزبە کوردستانییەکان بە فیعلی بەشدارنین لە دەسەڵاتدا، تەنها هەر ئەوەیە کە جاروبار وەکو ئەندامێکی پەرلەمان شتێک لەو بابەتە ئێوە دەتوانن خەڵک بهێننە سەر جادە؟**

* بەڵێ دەتوانین، دەتوانین زۆر شت بکەین، بەڵام ئێمە ٢ شت ڕێگەی لێگرتووین ئەوە بکەین، یەکەمیان ئەوەیە کە مەسەلەی سیاسیی وڵاتەکەمان، مەسەلە ستراتیژییەکانی کورد تا ئێستا هیچی نەبووەتە دەستووریو یاسایی لە عێراقدا، کە ئەو وەزعەی ئێستا هاتووەتە دەست بۆ کورد خۆمان خەباتمان بۆ کردووە، ناکرێت ئێمە دژی هەر شتێک بین کە خۆمان خەباتمان بۆ کردبێت، دووەمیان ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ عێراق کێشەکانمان جێگیر نەبووە.

**ڕۆژنامە: بەڕێزتان وەکو سەرکردەیەک کە لەم وڵاتەدا بەشداریتان هەیە لە چاکو خراپی مێژووەکەیدا، هەست ناکەن کە دوای ئەوەی ئەم قۆناغەمان دەبێتە مێژوو، ئێوە شتێکتان بەجێنەهێشتووە وەکو یەکێک لە سەرکردەکان کە نەوەکانی دوای ئێمەن بتوانن لەسەری بڕۆن، بڵێن ئەوە تەمەنێک ڕۆیشت ١٧ ساڵە دەستوور نییە، قانون نییە، وەکو خۆتان دەزانن گەندەڵیو هەموو ئەو شتانە سەری لە خەڵک تێکداوەو چاوەڕێی ئەوەش بکەن لە داهاتوودا کۆمەڵێک شتی دیکە ببێت، کێ ناڵێت تەمەنێکی تر نابێت (١٧، ٢٠) ساڵێکی تر نابێت دەکرێت ئێمە (٤٠، ٥٠) ساڵ چاوەڕێ بکەین بۆ ئەوەی کۆمەڵێک شت بێت، بەڵام خۆمان دەست پێنەکەین؟**

* نا نابێت، دەبێت هەموو لایەک ئەو واقیعە قبوڵ بکات، من پێموانییە ئەو هەڵبژاردنەی ساڵی ئایندە بێتەوە هەموو شتەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**ڕۆژنامە: گۆڕانی نەوعی ڕوودەدات؟**

* بەڵێ ڕوودەدات.

**ڕۆژنامە: چۆن؟**

* من پێموایە ئەگەر میللەتەکە ئەو قسەیەی کە ئێستا دەیڵێت بە ڕاستی بێت، ئەگەر بە ڕاستیش نەبێت، ئەوا دەستی یەکێتیو پارتی خۆش بێت با لەوە زیاتریان لەگەڵدا بکەن، ئێوە لەناو خەڵکدان، نابینن خەڵک چەند ناڕازییەو هانی ئێمە دەدات کە هەموو شتێک بکەین، بەڵام ئەگەر هاتوو خەڵک چووە سەر سندوقی دەنگدانو دەنگیدایەوە بە یەکێتیو بۆ پارتی، ئەوکاتە دەستیان خۆش بێت ئەوان هەموو شتێک بکەن لەوە زیاتر.

**ڕۆژنامە: بە ڕای بەڕێزت ئەم ناڕەزایەتیانە گەیشتووەتە ڕادەیەک کە ئەگەری ئەوەی لێبکرێت خەڵک لە دژی یەکێتیو پارتی ڕابپەڕێت؟**

* هەردوو حیزبەکە شارەزاییەکی باشیان هەیە، کاتێک کە زانیان خەڵک گەیشتووەتە ئەو ڕادەیە، مەسەلەی ئەوە دەهێنن دەڵێن کەرکوکمان لەدەست دەچێت ئەگەر قسە بکەنو دەڵێن تورکیا دێت داگیرمان دەکاتو دەڵێن بەغدا دەیەوێت خانەقین داگیربکات، واتە لەبیری خەڵکەکەی دەبەنەوە، بەڵام من پێموایە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان دەسەڵاتو خەڵکدا دروستبووە، دەتوانم بڵێم کە بەقەدەر بینا (٢٠) قاتەکان کە چەند دوورە لە زەوییەکەوە، ئەوەندە دەسەڵاتو خەڵک لەیەک جیابوونەتەوە، ئەگەر چارەسەر نەکرێت، ئەگەر کاری بۆ نەکرێت، من پێموایە هەموو لایەک زەرەری لێدەکەین، بەڵام ئەوە واقیعەکەیە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، خەڵک (نیو ملیۆن) دەنگی داونەتێ، ئەو نیو ملیۆن دەنگە ئەگەر نیوەی پەشیمانبنەوە، خۆ نیوەی تری بەشی خۆی هەیە، بەڵام من پێموایە ئەگەر هێزی تر هەبێت، دیموکراتی باشتر دەبێت هەتا ئەگەر یەکێتیو پارتی خۆیان قبوڵی بکەن، هەرلایەکیان سێ ساڵ یان چوار ساڵ حوکمی لەدەست بێت، بۆخۆشیان باشترە، بەڵام ئەوان مومکینە باوەڕی ئەوەیان بەیەکتری نەبێت یەکی یەک سەعاتیش حوکم بکەن.

**ڕۆژنامە: بە وردی باسی ناڕەزایی خەڵکت کرد، ئەم ناڕەزایەتیانە کە هەیەو بەرچاو دەکەوێت، ئایا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە خەڵک ڕاپەڕێت یان نا؟**

* من پێموانییە ئەو ڕاپەڕینە بە ئاسانی بکرێت، چونکە هەردوولا سوپایان هەیە کە گەیشتە سنووری خۆی بەکاری دەهێنن.

**ڕۆژنامە: ئایا ترسەکە لەو سوپایەیە کە باسی دەکەیت؟**

* بەڵێ، ئەی لە هەڵەبجەو کەلارو شوێنەکانی تر بە چی دامرکایەوە؟ بە گوڵ؟

**ڕۆژنامە: بابەتێک کە ئێستا لەسەر ساحەی سیاسیی عێراقو ناوچەکە زۆر مشتومڕی ناوەتەوە، مەسەلەی ڕێککەوتنی ستراتیژی عێراق- ئەمریکایە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە بۆچی جیاواز لەلایەنە سیاسییەکانی تری عێراق، سەرکردایەتیی کورد بە خۆشبینیو بەبێ هیچ مەرجێک ڕازی بووە بەو ڕێککەوتنە؟**

* من بەش بە حاڵی خۆم پێم باشە ئەمریکا بمێنێتەوە لە کوردستانو عێراقداو نەڕوات، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە بە بەلاش پشتگیریی بکەین، بۆ نموونە لەناو ڕێککەوتنەکەدا نووسراوە لە عێراقدا هەرێمێک هەیە بەناوی هەرێمی کوردستان مافی پارێزراوە؟ نووسراوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو عێراقی فیدراڵی؟ ئەویش نەنووسراوە، ئەوە مانای وایە کە سوپای ئەمریکی یارمەتیی سوپای عێراقی دەدات ئەگەر کێشەیەک لە عێراقدا ڕوویدا، لەوانەیە ئەگەر سبەینێ کێشەیەک لە ئێمەدا ڕووبدات، ئەمریکا بەو ئیتیفاقیە یارمەتیی عێراق بداتو دژی ئێمە بێت، لەبەرئەوە ئێمە ئەگەر ئەو دوو خاڵەی تێنەکەین، یان هەرێمێک هەیە لەو وڵاتە لە عێراقدا مافی پارێزراوە یان عێراقی فیدراڵی بنووسرێت لەناو ئیتیفاقیەکدا، ئێمە ئەوکاتە دەنگیشی بۆ بدەین ئاساییە، چونکە مانەوەی ئەمریکا تەنها کورد قازانجی لێدەکات لەو ناوچەیەدا، چونکە ئەگەر ئەمریکا لەو ناوچەیە نەمێنێت، دەکەوینە بەر شاڵاوی عەرەب یان شاڵاوی وڵاتانی تر، زۆر گیروگرفتی تر لەو ناوچەیە، لەوانەیە سەرکردایەتیی کوردی لەو ڕوانگەیەوە سەیری ئەو بابەتەیان کردبێت، یان من لەگەڵ ئەوەدا نیم بە بەلاشو ٢٢ دەوڵەتی عەرەب بکرێت بە دژی خۆت، وڵاتانی ئیقلیم بکرێت بە دژی خۆت، کە بڕیاریشی پێنادرێت لە پەرلەمانی عێراقدا، تەنها ٥٨ کورسیمان هەیە، چۆن دەبێت لەباتی هەموو عێراق قسەبکەیت، کە پێی ناکرێت، بۆ ئەم کارتە بە بەلاش دەفرۆشێت، دەبوایە کورد پێی لەسەر ئەوە دابگرتایە کە مافەکانی لەسەر ئەو ڕێککەوتنە جێگیر بکردایە.



فۆتۆ: بڕیار نامیق

**کورد بە بەلاش کارتی خۆی سەبارەت بە ڕێککەوتنی ستراتیژی عێراق- ئەمریکا فرۆشتووە**

**نێوانی خەڵکو دەسەڵات بەقەدەر بینایەکی ٢٠ قاتی بۆشایی تێکەوتووە**

# تورکیا سیاسەتی نوێ بەرامبەر پەکەکە دەگرێتە بەر

**ڕۆژنامە**

بڕیار وایە سەرۆک وەزیرانی تورکیا سیاسەتێکی نوێ لەبەرامبەر پەکەکەدا بگرێتەبەرو داواشیکرد، چەکەکانیان دابنێن‌و واز لە خەباتی چەکداریی بهێنن.

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا، لە وتارێکیدا لە شاری وان، ڕایگەیاند، ئەگەر پەکەکە ئاشتیی دەوێت، با چەک دابنێت. وتیشی: «پشت بەخوا بە هەموو ئامانجێک دەگەین‌و هەموو بیرۆکەکانمان دەمانگەیەنێتە واقیع».

هاوکات دوێنێ دەیان کورد لە لایەنگرانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی (دەتەپە) لە دژی سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ شارەکانی وان‌و هەکاری‌و نغدر خۆپیشاندانیان کردو لەبەردەم بارەگای سەرەکیی دەتەپە لە شارۆچکەی نغدر کۆبوونەوەو پۆلیس ١١ کەسی لێ دەستگیرکردن.

ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکیا، لە زاری ئەردۆغانەوە بڵاویکردەوە، حکومەتەکەی هەوڵدەدات بۆ گەیشتن بە ئاستی شارستانییەتی هاوچەرخ‌و یەکڕیزیی خەڵکی تورکیا.

هەر لە وتارەکەیدا سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕایگەیاند: ئەگەر پەکەکە ئاشتیی دەوێت، با چەک دابنێت. حیزبی دادو گەشەپێدانی دەسەڵاتدار دژی گروپە چەکدارەکانەو لەو بڕوایەدایە کوشتنی یەک مرۆڤ، کوشتنی هەموو مرۆڤەکانە. وتیشی: ئەوانەی دەیانەوێت بەهێزی چەک ڕێگە لە خواستی خەڵک بگرن، ناتوانن باسی دیموکراسی بکەن، چونکە قسەکردن لەسەر دیموکراسی پەیوەستە بە بنەمای ڕێزگرتن لە ئیرادەی مرۆڤایەتی‌و ئیرادەی نەتەوەییەوە.

پێشتریش ڕۆژنامەی زەمانی تورکی لەسەر زاری باشبوک، سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا، ڕایگەیاندبوو کە حکومەتی تورکیا بە ڕێگەی دیموکراتییانە چارەسەری کێشەی کورد دەکات.

لەلایەکی ترەوە عوسمان ئۆجەلان، کەسایەتی سیاسیی کوردستانی باکوور، ڕایگەیاند: پێویستە پەکەکە چەک دابنێت‌و کۆتایی بە چالاکی چەکداریی بهێنێت.

عوسمان ئۆجەلانی برای عەبدوڵڵا ئۆجەلان‌و ئەندامی پێشووی کۆنسەی سەرۆکایەتی پەکەکە، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی بەشە یۆنانییەکەی قوبرس بڵاوکرابووەوە، وتیشی: شەڕی چەکداریی پەکەکە لە بەرژەوەندیی کورد تەواو نابێت.

عوسمان کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەژی، ئەوەشی وتووە: لەگەڵ ئەو تێڕوانینەی جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق دایە کە سەردەمی شەڕی چەکداریی کۆتایی هاتووە.



ڕەجەب تەیب ئەردۆغان

# گەشتەکانی نێوان ئەستەمبوڵ‌و سلێمانی ڕادەگیرێت

**ئەلەند مەحوی**

کۆمپانیای ئەزمەڕ ئێر گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای ستار لاین کۆتایی پێهات، بۆ بەکارهێنانی فڕۆکەکانیان، بۆ هەمان مەبەستیش گرێبەستێکی نوێی لەگەڵ کۆمپانیای ئەتڵەس گێت دەستپێکردووە، ئەمەش بۆشاییەکی دروستکردووەو ماوەی (٥) ڕۆژە گەشتەکانی نێوان ئەستەمبوڵ‌و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی ڕاگرتووە.

کامەران ئەحمەد، بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی لەمبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کۆمپانیای ئەزمەڕ ئێر گەشتەکانی نێوان ئەستەمبوڵ‌و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی ڕێکدەخات، کە بۆ ئەو مەبەستەش بەپێی گرێبەستێک فڕۆکەکانی کۆمپانیای ستار لاینی بەکارهێناوە، بەڵام ئێستا گرێبەستەکەیان تەواو بووە.

بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی ئەوەشی ڕوونکردەوە کە پێشتر ئەزمەڕ ئێر هەوڵیداوە بۆشایی لە گەشتەکاندا دروست نەبێت‌و بۆ هەمان مەبەست گرێبەستێکی نوێی لەگەڵ کۆمپانیای ئەتڵەس گێت ئیمزاکردووە، بەڵام بەداخەوە بۆشاییەکە دروستبووەو گەشتەکان لەنێوان ئەستەمبوڵ‌و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانیدا ڕاگیراوە.

بەپێی هەمان سەرچاوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لە ئێستادا گەشتیارەکانی ئەستەمبوڵ لە فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتییەوە گەشت دەکەن بۆ ئەستەمبوڵ‌و بە کۆتاییهاتنی ئەم هەفتەیەش، کێشەی گەشتەکانی نێوان ئەستەمبوڵ‌و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی کۆتایی دێت.

لە ڕۆژی ١٠/٢٦وە گەشتەکانی نێوان ئەستەمبوڵ‌و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی وەستاوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەزمەڕ ئێر سەردانی تورکیای کردووە، بەڵام گەشتەکانی نێوان ئەستەمبوڵ‌و فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتیی بەردەوامە.

# گومان لە هەڵوێستە ئیجابییەکانی تورکیا دەکرێت

**ڕاپۆرتی، ئیبراهیم عەلی**

**هەولێر**

## مێژووی پەیوەندییەکانی (تورکیا- هەرێم)

بەر لە ڕووخانی حکومەتی بەعس، حکومەتی تورکیا لە ڕێگەی کردنەوەی نووسینگەی حیزبە کوردستانییەکان لەو وڵاتەدا پەیوەندی سیاسیی‌و ئەمنیی‌و ئابووریی هەبووەو تا ئێستاش پەیوەندییە ئابوورییەکان بەردەوامن، ئەگەرچی بە بڕوای بەشێک لە ڕۆشنبیرانی تورک، حکومەتی تورکیا هەڵەیەکی گەورە دەکات کە سیاسەتێکی دووڕوویانە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکات، لەلایەک هەرێمی کوردستانی کردووە بە بازاڕێکی گەورە بۆ کاڵاکانی‌و لەلایەکی دیکە لەڕووی سیاسییەوە دان بەو قەوارە دەستوورییەدا نانێت.

مەولود باوەمراد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، پێیوایە لەماوەی دروستبوونی ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە پەیوەندییەکان بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیون، هەموو ئەو قۆناغانەش لەسەر دوو هێڵ دامەزراون، هێڵی یەکەمیان پەیوەستە بەوەی کە تورکیا چۆن سەیری کێشەی کورد دەکات لە ناوچەکەدا، هێڵی دووەمی کارکردنی پەیوەستە بەوەی کە ئایا چەندە هەرێمی کوردستان دەتوانێ هاوکاربێت بۆ چارەسەری کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەم هێڵانە هەمیشە هێڵی مامەڵەکردن بوون لەگەڵ هەرێمی کوردستان، دەبێت ئەوەش بزانین کە تەنها دەروازەی هەرێمی کوردستان بووە بۆ پەیوەندیکردن بە دەرەوە، بە تایبەت دوای دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨) تورکیا هاوکاریی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و هێزی وڵاتانی کرد بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام، بۆ بە دەمەوە چوونی ئەم هاوکارییەی تورکیاش دەسەڵاتدارانی کورد کە پارتی‌و یەکێتی نوێنەرایەتی دەکات، هەوڵی ئەوەیاندا لە بەرەیەکدابن دژی پارتی کرێکاران‌و شەڕێکی دەستەویەخەیان ئەنجامدا.

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو، کە حیزبەکەی ئێستا دۆستێکی نزیکی حیزبی دەسەڵاتداری تورکیایە، دەڵێت: لە تورکیا دوو جۆر بۆچوون بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان هەیە، یەکێکیان بۆچوونی دەسەڵاتدارانی سیاسیی تورکیایە، بۆچوونێکیشیان کە بۆچوونی ڕاستەقینەی تورکیایە، بۆچوونی جەنەڕاڵەکانی سوپایە، ئەم دوو بۆچوونە ئەگەر دژبەیەک نەبووبن، ئەوا لەسەر یەک هێڵیش نەبوون.

ناسیح غەفور، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی زەرد، لەمەڕ پەیوەندییەکانی هەرێم‌و تورکیا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئێمە لەگەڵ تورکیا دراوسێین‌و هەردوولامان پێویستمان بەیەکتر هەیە، چونکە تورکیا بۆ ئێمە دەروازەیەکی گرنگ بووەو پێویستمان بەو دەروازەیە هەیە».

## پەیوەندیی حیزبە کوردییەکان لەگەڵ تورکیا

بوونی بارەگای پارتە کوردییەکان لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا یەکێک بووە لە کەناڵەکانی پەیوەندی نێوان ئەم دوو هێزە ناهاوسەنگە، لەم ڕووەوە مەولود باوە موراد دەڵێت: بوونی بارەگای پارتە سیاسییەکان لە تورکیا تەنها بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی سیاسیی بووە، ئەگەرنا بوونی بارەگای حیزبەکان هیچی لە بیرکردنەوەی سوپا نەگۆڕیوە، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس‌و بەشداریکردنی کورد لە دروستکردنەوەی عێراق بە قورساییەکی زۆرو بە دەستووریبوونی مافەکانی کورد لە دەستووری عێراقدا، ئەمە تورکیای نیگەرانکردووەو سەرلەنوێ بڕیارەکانی خۆی گۆڕی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی پارتی دادوگەشەپێدان لە تورکیا سەهۆڵبەندانی شۆڤێنییەتی لە تورکیا تواندووەتەوەو واقیعێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە، بەڵام بەرامبەر هەرێمی کوردستان‌و کێشەی کورد لە ئاستی پێویستدا نییە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەش لەبەرئەوەی تورکیا دان بە عێراقی نوێدا دەنێت، بۆیە ناچارە کە دان بە ئەزموونی هەرێمی کوردستانیشدا بنێت.

سەبارەت بە بوونی نوێنەرایەتی پارتە کوردییەکان، ناسیح غەفور، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت: ساڵانێکە حیزبەکان لە تورکیا نوێنەرایەتییان هەیە، بەڵام تا ئێستا پێشکەوتنێک ڕووی نەداوە، لە کاتێکدا دەکرا سوود لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان وەربگیرایەو ئەم نوێنەرایەتییانە ڕۆڵێکی ئەکتیڤتریان هەبووایە.

## بەرژەوەندیی باشوور لەسەر حسابی باکوور

هەمیشە بەرپرسانی پەکەکە، کاربەدەستانی باشوور ئاگادار دەکەنەوە کە نابێ بەهێزبوونی پەیوەندییەکانیان لەسەر حسابی ئەوان بێت‌و ئەوان نابێ ببن بەکارتی بەهێزبوونی ئەو پەیوەندییە، لە بەرامبەردا بەرپرسانی هەرێم بەردەوام ئامادەیی دەردەبڕن بۆ هاوکاریی تورکیا لەهەر کارێکدا، ئەگەر ئەنجامەکەی دانانی بێت بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان، لەم ڕووەوە مەولود باوە موراد پێیوایە کە ڕەنگە سەرکردایەتی سیاسیی تورکیا گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی کە کێشەی پەکەکە بەشێوەی سەربازیی چارەسەر نابێت، بەڵام ناوبراو گومانی خۆیشی نیشاندا لە بەرامبەر هەڵوێستە ئیجابییەکانی تورکیاو وتی: گومانم هەیە لەو گوتارە ئیجابییەی حکومەتی تورکیاو بۆی بچێتەسەر، چونکە من پێموایە دوا بڕیار بڕیاری دامەزراوەی سەربازییە لەو وڵاتەو لەوەش دڵنیام کە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لە هەرێمی کوردستان بۆ پەکەکە ئەنجام نادرێت بەبێ هاوکاریی ئەمریکا، ئەمریکاش ئەو زەمانەتەی داوە کە لەلایەک ئەزموونی هەرێمی کوردستان بپارێزێت‌و لەلایەکی دیکەش کوردەکان هاوکاریی تورکیا بکەن.

> «گومانم هەیە لەو گوتارە ئیجابییەی حکومەتی تورکیاو بۆی بچێتەسەر، چونکە پێموایە دوا بڕیار بڕیاری دامەزراوەی سەربازییە لەو وڵاتە»

بە بۆچوونی پەرلەمانتار ناسیح غەفور، کێشەی کورد لە تورکیا کێشەی ئەم چەند ساڵە نییە، بەڵکو ئەمە کێشەی زیاتر لە سەدەیەکەو پێویستە چارەسەر بکرێت، چونکە کورد بەشداربووە لە دامەزراندنی تورکیای نوێ. هەروەک لەو بڕوایەدایە زەمەنی چەک بەسەرچووەو پێویستە لە ڕێگەی دیالۆگەوە کێشەکان چارەسەر بکرێت، دەکرا لە ڕێگەی پەیوەندییە ئابوورییەکانەوە، پەیوەندییە سیاسییەکان باشتر بکرێت. مەولود باوە موراد پێیوایە ئەوەی لێرەدا دیارە، ئەوەیە کە مانەوەی هەرێم بە ئارامیی‌و بوونی پەکەکەش لەناو خاکەکەی ئەوا شتێکی مەحاڵە، جا چارەسەری ئەم کێشەیە لەسەر حسابی کێ دەبێت، نازانم.

## هەرێم، بازاڕێکی ئابووری بۆ تورکیا

ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیای تورکی لە هەرێمی کوردستان سەرقاڵی کارکردنن لە کەرتە جیاوازەکان‌و ئاستی وەبەرهێنی کۆمپانیا تورکییەکان ساڵانە لە هەرێمی کوردستان لە ملیارێک دۆلار ڕەتدەکات، بەڵام بە بڕوای مەولود باوەمراد «تا ئێستا حکومەتی تورکیا باوەڕی وایە کە حکومەتی هەرێم پێویستی بە ئابووری تورکیایە، نەک بە پێچەوانەوە، تورکیا پێشیوایە کە لەبەر خاتری دراوسێیەتی لەگەڵ کورد، ڕێگە دەدات کە کۆمپانیاکانی بێن لە کوردستان کاربکەن».

هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە لەوە سەرکەوتوو بێت کە ئابوورییەکی بەهێز دروست بکات لەگەڵ تورکیا، بۆئەوەی تورکیا ناچار بەوەبێت لەپێناو بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، پەیوەندی سیاسیش لەگەڵ هەرێمی کوردستان ببەستێت، لەمبارەیەوە باوە موراد وتی: لە هەرێمی کوردستان شتێک نییە ناوی ئابووری بێت، بەڵکو ئەوەی هەیە، داراییە، چونکە پارە لە مەرکەزەوە دێت‌و دابەش دەکرێت.

## هەرێم، هێزێکی ئامادە بۆ گفتوگۆ

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لە بۆنەو مەراسیمە جیاوازەکان بەردەوام ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئەوان ئامادەن بۆ گفتوگۆ لەگەڵ تورکیا، لەم دواییەشدا بەرپرسانی تورکیا بە تایبەت بەرپرسانی دادو گەشەپێدان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە چارەسەری کێشەی پەکەکە لە وڵاتەکەیان، بەبێ دانوستان لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەستەمە، ئەم بڕوابوونەش کۆبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆی لێکەوتەوە لە نێوان مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و موراد ئۆزچەلیک، نوێنەری تورکیا، بەڵام تا ئێستا تورکیا ئامادەنەبووە لەسەر ئاستی سەرۆک وەزیرو سەرۆک کۆمار کۆبوونەوە لەگەڵ هیچ بەرپرسێکی هەرێم بکات، هەرچەندە میدیای تورکی بەردەوام باس لە سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ وڵاتەکەیان دەکەن‌و ئەوەش دەڵێن کە بڕیارە سەرۆک کۆماری وڵاتەکەیان بەشداریی بکات لە مەراسیمی کردنەوەی فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی، بەڵام ئەمانە هەمووی قسەی ڕاگەیاندنن‌و هیچ بەرپرسێکی تورکی ئەم زانیارییانەی پشتڕاست نەکردووەتەوە، ئەوەی لێرەدا دیارە کە هەرێمی کوردستان لە پێناو دروستبوونی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تورکیا، ئامادەن هەموو هاوکارییەک پێشکەش بەو وڵاتە بکەن، جگەلەوەش لە ئێستادا هەڵوێستەکانی سوپا پشتگوێ خراون، بەوپێیەی دروشمەکانی سوپا هەمیشە دروشمی شەڕو جەنگ بووەو ئێستا بگرە نەک بێدەنگیی هەڵبژاردووە، بەڵکو گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم بە ئیجابی لەقەڵەم دەدەن، ئەم گۆڕانە خێرایەی هەڵوێستی سوپا لە تورکیا ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەوان دەبێت لەبری ئەو نەرمییەیان، حەتمەن دەستکەوتی گەورەتریان دەست دەکەوێت.

**عەتای حەسەنی مەلا زادە**

# دەبێت حکومەت کاسب بێت، تا ئێستا وا نەبووەو وەک باوکێک خەرجیی منداڵی کێشاوە



> تا ئێستاش لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەستپێشخەریی‌و فەرموو لە کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لە بواری پیشەسازیدا نەکراوە، بەڵام بۆ بەشەکانی وەک فەرهەنگی‌و هونەری‌و ئەدەبی کاری زۆر کراوە، بە ڕوای عەتای مەلا زادە تا ئێستا کۆبوونەوەیەک یان سیمینارێک بۆ پیشەسازیی یان بۆ کارپێدان لەلایەن هەرێمەوە نەکراوە.

**ڕۆژنامە**

٣-٣

**ڕۆژنامە: ئێستا ئێران بەرەو ئەوە دەچێت کە گەمارۆی ئابووریی هەرچی زیاتری بەسەردا بسەپێنن، زۆرجار سوودی لەو گەمارۆ ئابوورییانە وەرگرتووە، بەڵام لەنێوان سنوورەکانی عێراق‌و ئێراندا بازرگانییەکی زۆر چالاک هەیە، چۆن دەتوانرێت لەو گەمارۆ ئابوورییانەی ئێران سوود وەربگرێت؟**

* تورکیا بەر لە گەمارۆی یەکەمی ئێران، بارودۆخی لە عێراق خراپتر بوو، ئەو گەمارۆیە بووە هۆی ئەوەی کە گەورەترین قازانج بەدەست بهێنێت، ئەگەر کوردستان زیرەک بێت، دەتوانێت وەک تورکیا بکات، هەر ئەو کارەی کە تورکیا کردی، تورکیا هات هەرچی شتە فرۆشتی بە ئێران، پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ ئێران بەهێزکرد، ٧٠٪شی هی خۆی نەبوو.

**ڕۆژنامە: پەیوەندیی سیاسی لەنێوان کوردی عێراق‌و تورکیاو ئێراندا زۆر بەهێزە، بە جۆرێک کە هاوخەمییەکی زۆر هەیە لەنێوانیاندا، بەڵام لە ڕووی ئابوورییەوە هەست ناکرێت کە ئەوجۆرە لە هاوخەمیی هەبێت، بەتایبەت لە ئێران، ئێمە دەبینین کە پەیوەندیی ئابووریی کوردستان لەگەڵ ئێراندا بە گشتی بە کوردو غەیرە کوردەوە زۆر لاوازە، بەڵام لەگەڵ تورکیا بەهێزترە، بەتایبەت کاتێک کە دەبینرێت بەرهەمی تورکیا زۆرە لە کوردستاندا و بەرهەمی ئێرانی لاوازە؟**

* هۆکارەکەی لەلایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ کوردەکان کە نەیانتوانیوە بێنە پێشەوە، چونکە کوردەکان بە جۆرێکن کە شەرم دەکەن‌و ئەگەر پسپۆڕیش بن‌و بیشزانن کە کارێکی زۆریان لەدەست دێت، تا فەرموویان لێنەکرێت نایەنە پێشەوە، بەڵام کە ئیش دەکەن بە ١٠ تورک ناکرێت، لەلایەکی تریشەوە حکومەتێکی وەک تورکیا لەم بوارەدا مۆڵەتێکی زۆر دەدات بە کۆمپانیاکانی، بە گشتی باسمان لەسەر ئەوەیە کە کوردی ئێران بێت هاوکاریی کوردی عێراق بکات، ئێستا گەورەترین موەلیدسازی ئێران کۆمپانیایەکە کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا کەم وێنەیەو بەڕێوەبەری تەکنیکییەکەی کەسێکی سەقزییە، سەبارەت بە موحاویلەو سیم‌و شتی لەو جۆرانە هەر کوردە، سەبارەت بە کارەباو شتی دیکەش ئێمە ئێستا کەسانێکمان هەیە کە کەرتی کارەبا بەڕێوە دەبەن.

**ڕۆژنامە: باشە ناکرێت بە هاوکاریی حکومەتی هەرێم لەوێ کارگەیەک دروستبکەن، واتە هانبدرێن بۆ ئەوەی کارگەیەک دروستبکەن؟ هۆکارەکان چین، بۆچی ئەو کارە ناکەن؟ جەنابت دەزانی شتێکی واهەیەو کوردیش زاڵن تێیداو کاریگەرییان هەیە تێیدا، تۆ ناتوانیت ئەو ڕۆڵە بگێریت، ڕەنگە حکومەتی هەرێم ئاگاداری ئەوە نەبێت؟**

* ئەو ڕۆڵە بەدەست من نییە، هەرێم دەبێت بۆخۆی بە جۆرێک خۆی نیشان بدات‌و لەسەر داوای ئەو بێت، کارەکەی زۆر ئاسانە بۆ حکومەتی هەرێم، کاری هەرێم فەرموویەکە.

**ڕۆژنامە: تا ئێستا ئەو فەرمووە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە نەکراوە؟**

* بێگومان نەکراوە، بۆ بەشەکانی دیکە کراوە، بۆ بەشی فەرهەنگی‌و هونەری‌و ئەدەبی‌و ئەوانە بە ڕاستی کاری زۆر کراوە، بەڵام بۆ پیشەسازی نەکراوە، تا ئێستا کۆبوونەوەیەک یان سیمینارێک بۆ پیشەسازیی یان بۆ کارپێدان نەکراوە.

**ڕۆژنامە: جەنابت چەندجار سەردانی کوردستانی عێراقت کردووە؟**

* ڕاستییەکەی د. بەرهەم‌و مام جەلال هاتن‌و باسیان لە پێویستیی کەسانی پسپۆڕ کرد، کاک بەرهەم ساڵح‌و چەند کەسێکی دیکە ئێمەیان بانگهێشت کردو باسمان لەسەر کڕینی کارەبا لە ئێران کرد، تەنانەت من پێموتن کارەبا چوار سیمەو ئەوە هەر دەستدەکەوێت، ئێوە غاز بکڕن، ئەوەش زۆرێک لە کێشەکان کەمدەکاتەوە، ئەوکات تۆ هێزی موەلیدەو ژەنراتۆرت دەبێت، ئیتر چوار سیم نییە، باسێکی زۆر لەسەر ئەوە کرا، بەهەرحاڵ نابێت چاوەڕوانی ئەوەشمان لە د. بەرهەم بێت کە بێت‌و شوێن ئەو کارانە بکەوێت، ئەوان کاریان زۆرە، ئەوە درا بە وەزارەتی پەیوەندیدار، بە بۆچوونی من ئێستا زۆر گرنگە وەزارەتێک بەهۆی ڕاوێژکارەوە بەڕێوە ببرێت، ئێستا ئێمە د. شەڵماشیمان هەیە لە ڕەزاییە کە ٣ جار لە ئێران خەڵاتی بەدەستهێناوە، هەر لە مهاباددا کارخانەی (واکسیوم ناسیۆمی دامی) دانا، بۆ یەکەمین جار ئەنتی بایوتیکی لە ئێراندا دروستکرد، هەر کوردەو خەڵکی شەڵماشی خۆمانە، ئەوانە ئەو شتانەن کە هەرێم دەبێت زۆرتر کاریان لەسەر بکات‌و گرنگییان پێبدات، دەبێت حکومەت کاسب بێت، تا ئێستا کاسب نەبووە، تا ئێستا باوک بووەو خەرجیی منداڵی داوە.

**ڕۆژنامە: کەواتە پەیوەندییەکی باشتان لەگەڵ کوردستانی عێراقدا هەیە؟**

* ڕاستییەکەی من زۆرتر لە بازرگانییەکاندا پەیوەندیم هەیە.

**ڕۆژنامە: واتە گەیشتوونەتە هەنگاوێکی باش بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ یەکتردا؟ ئەگەر نەکراوە هۆکارەکەی چییە؟**

* ئێمە زۆرتر لە ڕووی کابلسازی‌و شتی لەوجۆرەوە محاویلە دەکەین‌و لەو ڕووەوە دەکرێت ڕاستەوخۆ یارمەتییان بدەین‌و هاوکارییان بکەین، ئێمە دەتوانین کارخانەی محاویلە بە هەرزانترین نرخ لەوێ دروستبکەین.

**ڕۆژنامە: ئەوکات حکومەتی ئێران هیچ ڕێگریی‌و کۆسپێک ناخاتە بەردەمتان؟**

* نەخێر، حکومەتی ئێران هیچ کۆسپێک دانانێت، حکومەتی ئێران لەوە ژیرترە کە ئەو کارە بکات، واتە هیچ فریوێک ناخوات‌و کڵاوێک ناچێتە سەری، لەبەرئەوە ئێران ئەو کارە ناکات، تەنانەت پێشنیازی ئەوەشم کرد کە دەکرێت ئەوەندە چالاک بن تەنانەت بۆ تورکیاشی بنێرن، تورکیا ماوەیەک محاویلەی ساختەی زۆری دا بە عێراق، لەجیاتی مس نووسیویەتی ئەلەمنیۆم، بەڵام دواتر دەردەکەوێت کە ئەلەمنیۆمی تێدا نییە، تورکیا ئێستا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە خەریکی شتی ساختەیە.

**ڕۆژنامە: کاتێک لەسەر سنوورەوە هاتین بۆ ئێران، ئاسنێکی زۆرمان بینی کە فڕێدراون‌و لە ڕۆژنامەشدا بڵاومان کردەوە کە هەزاران تەن ئاسن لە کوردستانەوە بەرەو ئێران دەچێت، بە بۆچوونی بەڕێزتان ئەوە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر کوردستان نابێت لە داهاتوودا؟**

* نا، ئێوە ناچارن ئەو کارە بکەن، بەڵام بە قازانجی زۆرترو هەرزانتر دەتوانن بیکەن بە شیش، کارگەی بچووک بچووک دروستبکەن لە شارە گەورەکانداو کەڵکی باش لەوانە وەربگرن، یان شیش بۆ ئێران لێبدەن، ئەوەش هەر ئاسن توانەوەیە، ئاسن توانەوەکە دەیکات بە شیش، ئیتر دوای ئەوە ئەو کەسەی کە ئەوە دادەنێت، وردە وردە دەکەوێتە بیری ئەوەی ئایا دەتوانێت باشتری بکات.

> لە ساڵی ١٩٤٩ لە شاری سەقز لەدایکبووە، لە زانکۆی (عیلم‌و سەنعەت) خوێندوویەتی، ماوەی ١١ ساڵ لە کۆمپانیایەکی سەر بە (سیمێنس) کاری کردووە، لە بواری پیشەسازیدا جێدەستی دیارەو گەلێک کاری داهێنانکارانەو ستراتیژییانەی بەئەنجام گەیاندووە.

## پرسی ئابووری

# لە کوردستاندا کێ بیر لە ئاسایشی خۆراک دەکاتەوە؟

**سیروان محەمەد**



لە لاپەڕە ٧ی ژمارە ٣٣٤ی ڕۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٩ی ڕۆژنامەدا، هەواڵێک لەژێر ناونیشانی (ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی کوردستان لە مەترسیدایە) بڵاوکراوەتەوە، لە زاری د. تالیب موراد، ڕاوێژکاری ڕێکخراوی فاو، هاتووە کە بەوپێیەی لە کوردستاندا هاوردەکردنی خۆراک لە دەرەوە گەیشتووەتە ٨٥٪و ئاسایشی خۆراک لە عێراق بە گشتی‌و هەرێمی کوردستان لە مەترسیدایە، ئەم هەواڵە بۆ ئێمە کە چاودێری ڕەوشی ئابووری دەکەین، شتێکی نوێ نییەو چەندین ساڵە هاوار دەکەین‌و دەڵێین ئەگەر حکومەتی هەرێمی کورستان پلانێکی ستراتیژیی دانەڕێژێت‌و گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ‌و پیشەسازیی نەکاتە خاڵی پلە یەک، ڕەوشی ئابووریمان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خراپتر دەبێت.

ڕاستە وەزارەتی کشتوکاڵ لێرەو لەوێ هەوڵی بچووک دەدات بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ، بەوەش ڕەوشی خراپی کەرتی کشوکاڵ چارەسەر نابێت، نازانم ڕاوێژکارانی وەزارەتی کشتوکاڵ سەردانی گوندەکانی کوردستانیان کردووە تا بزانن پێداویستیی جوتیاران چییە؟ ئایا دەزانن تراکتۆرو ئامێرە کشتوکاڵییەکانی جوتیاران مۆدێلی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوون‌و توانای کارکردنیان نەماوە، ئایا دەزانن بەهۆی کەمیی ئامێری تراکتۆرو گرانیی نرخی گازۆیل، نرخی سەعاتەکانی کێڵانی زەوی چەندە؟ باشە تراکتۆر گرنگتر بوو یان پیکاب (کە جاری دیکەش وتوومەو ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە دابەشکردنی پیکاپ بەسەر جوتیاراندا ئەوەندەی لە بەرژەوەندیی خاوەن کۆمپانیاکانی هێنانی ئۆتۆمبیل بووە، ئەوەندە لە بەرژەوەندیی جوتیاراندا نەبووە)، باشە بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان هانی بازرگانان‌و خاوەن کۆمپانیاکان نادات کە تراکتۆرو ئامێری کشتوکاڵ بهێنن‌و پشتیوانییان بکات‌و ئاسانکارییان بۆ بکات، یان لەبەرئەوەیە کە جوتیاری زۆر هەژار تراکتۆر دەکرێت‌و ئەویش پارەی کڕینی مسۆگەر نییە، باشە بۆ ئەمڕۆی کوردستان (تاکسی کوردستان) گرنگتر بوو یان هێنانی تراکتۆرو ئامێری کشتوکاڵی، نازانم حکومەتێک تەنها یەک برغو بەرهەم نەهێنێت، ئەو هەموو ئۆتۆمبیلەی بۆ چییە؟ باشە ئێستا لە تۆکیۆو نیویۆرک تاکسی ٢٠٠٨ کاری پێناکرێت، بەڵام ئێمە لە کوردستان مۆدێل بەرز نەبێت هاتوچۆی پێناکەین، بێگومان ئەوەش بێپلانی‌و خەمساردیی حکومەت نەبێت هیچی دیکە نییە.

لێرەوە خوازیارین بانکی کوردستان کە (تاکسی کوردستان)ی کرد بە دیاریی، پرۆژەی داهاتوویان پرۆژەی هێنانی ئامێری کشتوکاڵی بێت‌و بە قازانجێکی کەم بە جوتیارانی بفرۆشنەوە، ئەوەش لەپێناوی بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ‌و زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی‌و لە ئایندەدا پیکابیان پێ بفرۆشن.

هەروەها پێویستە حکومەت هانی کەرتی تایبەت بدات کە بە هاوبەشیی لەگەڵ جوتیاراندا وەبەرهێنان لە کەرتی کشوکاڵدا بکەن‌و ئاسانکاریی زۆر تایبەتیان بۆ بکات.

لە کۆتاییدا خوازیارین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر گوێ بۆ قسەکانی ئێمە ناگرێت، لێدوانەکەی د. تالیب موراد بەهەند وەربگرێت‌و لە بودجەی ساڵی داهاتوو بە جدیی بیر لە ئاسایشی خۆراک‌و بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ بکاتەوە.

serwanmuhamad@yahoo.com

## عێراقی

### ١٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ سەرژمێریی

بڕیاروایە لەماوەی داهاتوودا سەرژمێریی دانیشتووانی عێراق بکرێت کە ١٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوەو دەزگای سەرژمێریی ناوەندی عێراقیش ئەنجامدانی پرۆسەکە «بە قورس» وەسف دەکات.

مەهدی عەلاق، سەرۆکی دەزگاکە، باسی لەوەکرد، گرفتی ئەمنییو ئاوارەبوونی بەشێکی زۆری هاوڵاتییانی عێراق، کارەکەی قورسکردووە، وتیشی: «١٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ سەرژمێری تەرخانکراوە، بەڵام ئەنجامدانی زۆر گرانە».

### دەنگدان لەسەر نوێنەرایەتیی کەمینەکان

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاریداوە لە کۆبوونەوەکانی ئەم هەفتەیەدا مەسەلەی نوێنەرایەتیی کەمینەکانی عێراق لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا یەکلایی بکاتەوە. هاشم تائی، سەرۆکی لیژنەی هەرێمو پارێزگاکان، رایگەیاند هەموو لایەنەکان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەم هەفتەیە کێشەکە یەکلایی بکرێتەوە.

ئاژانسەکان

# لە شەڕی دژەتیرۆرەوە بۆ دژایەتیکردنی هێزە کوردییەکانی موسڵ

ئەمیر گۆران

موسڵ



سوپای عێراق لەکاتی گەڕانو پشکنیندا

دوای ئەوەی لە چەند مانگی رابردوودا موسڵ رەوشێکی ئاڵۆزی بەخۆوە بینی، توندوتیژییەکان زیاتر پەرەیسەند بەتایبەتیش بەم دواییە کێشەی ئەو هێرشو هەڕەشانەی کرانە سەر مەسیحییەکانو تۆمەتبارکردنی هێزە کوردییەکانی ناو سوپای عێراق لەوەی کە دەستیان لەو «تاوان»ەدا هەبووە، دەستکرا بە هەڵمەتی نەهێشتنی هێزە کوردییەکانی ناو سوپای عێراقو گواستنەوەیان لە موسڵەوە بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق.

چەندمانگێک لەمەوبەر وەزارەتی بەرگریی عێراق بڕیاریدا ئەفسەرە کوردەکان بگوازێتەوە، بەشێک لەو هێزە پابەندبوو بە بڕیارەکەوە، بەڵام بەشێکی تر بە بڕیارێکی سیاسییان زانیو جێبەجێیان نەکرد، کەچی ئێستا بە بیانووی کردنەوەی خولێکی سەربازیی دوو مانگە، لیوای ١٢ی سەر بە فیرقەی ٢ کە زۆربەیان کوردن، بەشێکی زۆریان گواستراونەتەوەو هەوڵەکانیش لەئارادان بۆ ئەوەی پاشماوەی ئەو هێزە کوردییانە لە موسڵ بگوازرێنەوە بۆ ناوچەکانی تری ناوەڕاستو باشوور.

نەقیب، رەقیب کە ئەفسەرێکی کوردە لە بەشی هەواڵگریی لیواکە، وتی: «لەوکاتەوە لیوایەکی عەرەب بووەتە فەرماندەی فیرقەی دوو، بە ئاشکرا دژایەتیی ئەفسەرو سەربازانی کورد دەکرێتو راشکاوانە دەڵێت من دژایەتیی کورد دەکەم تا یان دەست لە خزمەتی سەربازیی هەڵگرن، یاخود دەبێت لە موسڵ بیانگوازینەوە»، بەوتەی رەقیب، فەرماندەکەی فیرقەی دوو لەبەردەم چەند ئەفسەرێکدا وتوویەتی «ئەوەندەی حساب بۆ پێشمەرگە دەکەم، ئەوەندە بۆ تیرۆریستان ناکەم».

ئەو ئەفسەرە کوردە بۆ رۆژنامە باسی لەوەشکرد سەربازانی کورد بوونەتە سووتەمەنیی کێشەکانی نێوان هەرێمو ناوەند «لە موسڵ پێمان دەڵێن پێشمەرگە، کەچی وەکو مانگرتنێک بۆ بەردەم فەرماندەیی دهۆک چووین کەوا بەمشێوەیە عەرەبەکان دژایەتیمان دەکەن، لە وەڵامدا پێمان دەڵێن کێشەی خۆتانەو ئێوە سوپای عێراقن»، بۆچوونی ئەو ئەفسەرە کوردەی سوپای عێراق وایە، ئەفسەرو سەربازە کوردەکان ناچارن بڕیارەکان جێبەجێ بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەزانن کردنەوەی ئەم خولە سەربازییە درێژەپێدەری هەمان بڕیاری وەزارەتی بەرگرییە، بەڵام بە شێوازێکی تر.

لەلایەکی ترەوە سەربازێک لەو هێزە کە داوای کرد ناوی ئاشکرا نەکرێت، بە رۆژنامەی راگەیاند: منو ژمارەیەک لە سەربازە کوردەکان دەستمان لە خزمەتی سەربازیی هەڵگرتووە، چونکە ئێستا بووەتە دوژمنایەتی نێوان کوردو عەرەب. وتیشی: «ئەگەر لە موسڵ دژایەتیمان بکەن چونکە ئەوان باڵادەستن، دەبێت لە سەربازگەی (حەبانییە) کە دوو سەعات لە بەغداوە دوورە، چیمان بەسەر بهێنن».

بە وتەی سەرچاوە ئاگادارەکان، ساڵێک لەمەوبەر دەسەڵاتی سوپا لە موسڵ تەنها بەدەست کوردەکانەوە بووە، بەڵام ئێستا زۆرینەی دەسەڵاتی ئەمنیی ئەو ناوچەیە بەدەست شیعەکانەوەیەو بە ئاشکرا دژایەتیی کوردەکان دەکەن.

## جیهانی

### کۆبوونەوەی پترایۆسو سورییەکان رەتدەکرێتەوە

ژەنەراڵ دەیڤد پترایۆس، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا، ئاشکرایکرد پێشنیازی کردووە کۆبوونەوەی راستەوخۆ لەگەڵ بەرپرسانی سوریادا ئەنجام بدات، بەڵام پنتاگۆن ئەو پێشنیازەی رەتکردووەتەوە.

پترایۆس داوایکردووە لە رێگەی دانوستانی راستەوخۆ لەگەڵ حکومەتی دیمەشقدا کێشەکانیان یەکلایی بکەنەوە، بەڵام راستەوخۆ پێشنیازەکە رەتکراوەتەوە.

### ئەجێندایەکی سەربازیی نوێ

هەردوو حکومەتی تورکیاو ئیسرائیل رێککەوتوون لەسەر دانانی ئەجێندایەکی هاوبەش بۆ هاوکاریی سەربازیی هەرێمایەتیو کارکردنی پێکەوەیی لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشانەی کە مەترسیی بۆ سەر ئاسایشیان دروستدەکات.

بەگوێرەی بەیاننامەیەکی وەزارەتی بەرگریی ئیسرائیل، هەردوو حکومەتی ئەنقەرەو تەلئەبیب لە سەرجەم بوارە ئەمنییەکانو پیشەسازییەکی سەربازیی هاوبەشدا کاری هاوبەش دەکەن.

ئاژانسەکان

## هۆشیار زێباری لەبارەی رێککەوتننامە ستراتیژییەکەوە:

# لەم هەفتەیەدا واشنتۆن وەڵامی بەغدا دەداتەوە

رۆژنامە



هۆشیار زێباری

هۆشیار زێباری لەو بڕوایەدایە لەم هەفتەیەدا ئەمریکا وەڵامی پێشنیازەکانی عێراق بداتەوەو کە سەبارەت بە رێککەوتننامەی ستراتیژی نێوانیان لەئارادایە.

وەزیری دەرەوەی عێراق لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی تەلەفزیۆنی حورەی ئاسمانیدا وتی: «چاوەڕێی وەڵامی ئەمریکاینو پێری (شەممە) لەگەڵ رایان کرۆکەر، باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا، گفتوگۆمان لەوبارەیەوە کردووەو چاوەڕێدەکەین لەم هەفتەیەدا سەبارەت بە گۆڕانکارییو پێشنیازەکانی ئەنجومەنی وەزیران وەڵاممان بدەنەوە».

رێککەوتننامەی بارودۆخی هێزلە عێراق کە بە(سۆفا)ناسراوەولەنێوان عێراقو ئەمریکادا ئیمزا دەکرێتو عەرەبەکان بە رێککەوتننامەی ئەمنیی ستراتیژی ناوی دەبەن، لەلایەن ژمارەیەک لە کوتلەو حیزبە سیاسییە عەرەبییەکانی عێراقەوە رەتدەکرێتەوەو پێریش ژمارەیەک لە «ژنانی عێراق» خۆپیشاندانیان لەدژی ئەنجامدا، لەلایەن کوردەوە پێشوازی لێدەکرێت.

وەزیری دەرەوەی عێراق لەو چاوپێکەوتنەدا ئاماژەی بەوەشدا، کە کەشوهەوای گشتیی زۆربەی ئیجابییەو لەگەڵ رێککەوتنەکەدان «لەو بڕوایەدام کە هەموو لایەنەکان لێک نزیکبوونەوە لەنێوانیاندا هەبێتو بڕیار لە چارەنووسی رێککەوتننامەکە بدەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی کەشوهەوا کە ئیجابییەو ئێستا وەک پێشتر نییە».

سەبارەت بە چۆنیەتی پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، زێباری جەختی کردەوە کە پەرلەمان لایەنی یەکەمە کە دەتوانێت چارەنووسی رێککەوتننامەکە دیارییکات، «ئێمە پێشتریش وتوومانە کە چارەنووسی رێککەوتننامەکە لەدەستی ئەنجومەنی نوێنەراندایەو قبوڵکردنو رەتکردنەوەی مافی ئەوانە».

ئەم وتانەی وەزیری دەرەوەی عێراق لە کاتێکدایە کە پێشتر مەحمود مەشهەدانی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، «بە توندی» رێککەوتننامەکەی رەتکردووەتەوەو رایگەیاندووە کە «ناهێڵێت» لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند بکرێت.

رێککەوتننامەی بارودۆخی هێز (سۆفا) کە بڕیاروایە لەنێوان عێراقو ئەمریکادا ئیمزابکرێت، لە دیباجەیەکو ٢٧ مادە پێکهاتووەو سەرکردایەتی سیاسی بڕیار بەدەستی کورد «بەردەوام تەئکید لەسەر ئیمزاکردنی» دەکەنەوە، لەکاتێکدا وەک شارەزایان باسی دەکەن «هیچ گرەنتییەکی بۆ کورد تێدا نییە»و ناوی هەرێمی کوردستانو حکومەتی فیدراڵی تێدانەهاتووە.

# کەرکوک رای جیاوازی لەبارەی بوونی بنکەی سەربازیی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە

رۆژنامە




مەسعود بارزانی

جیاوازی لە هەڵوێستی سیاسییەکانی کەرکوکدا هەیە سەبارەت بە لێدوانەکەی مەسعود بارزانی بۆ پێشوازیکردن لە دانانی بنکەی سەربازیی لە هەولێر.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە سیمینارێکدا کە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لە واشنتۆن سازیکردبوو سەبارەت بە دانانی بنکەی هێزەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستاندا، وتی: «پێشوازی لێدەکەین»، ئەوەش لە کاتێکدایە رێککەوتننامەی بارودۆخی هێز لەنێوان عێراقو ئەمریکادا ئیمزا نەکراوە.

ئازاد جەباری ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەوەی رەتکردەوە کە بارزانی وتبێتی پێشوازی لە هێزەکانی ئەمریکا دەکەین بنکە لە هەرێمی کوردستاندا دابنێن.

رادیۆی سەوا لەزاری (ئازاد جەباری)یەوە بڵاویکردەوە، «ئاگاداری سیمینارەکە بووم لە یەکەمەوە تا کۆتایی، سەرۆکی هەرێم وتەکانی بە کوردی وتووەو منیش باش لە کوردی تێدەگەم، گوێم لێنەبووە قسەی لەوجۆرە بکات، جگەلەوەی وتوویەتی رێککەوتننامەی ستراتیژی پێویستییەکی خەڵکی عێراقەو گرنگیی خۆی هەیە».

لە بەرامبەردا تورهان موفتی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە لیستی تورکمانی، لێدوانەکانی بارزانی بە کارتی مساوەمە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسیی وەسفکردو لە لێدوانێکیدا بۆ رادیۆ سەوا وتی: ئەو لێدوانانە وەک کارتێکی فشار بەرامبەر حکومەتی مەرکەزی بەکار دەهێنرێت، ئەویش لەپێناوی دروستکردنی هاوپەیمانی نوێ یان پشتیوانی دیکەو هیچ پێویست نییە بنکەی سەربازی ئەمریکایی هەبێت، ئەوە ئەجێندای سیاسیی لە پشتەوەیەو بۆ مەرامی دیکە بەکاردەهێنرێت.

لەلایەکی ترەوە د. عەبدولکەریم خەڵەف، کە یەکێکە لە ئەندامانی کوتلەی عەرەبی، وتی: هەڵوێستی عەرەب ئەوەیە کە بۆ لێدوانی لەوشێوەیە پێویستە ریفراندۆم لە کوردستاندا بکرێتو بیروبۆچوونی خەڵک کۆبکرێتەوە بۆ دانانی بنکەی سەربازیی ئەمریکی لە هەرێمی کوردستاندا.

وتیشی: عەرەبەکانی کەرکوک بە هەموو شێوەیەک پێشێلکردنی سەروەریو یەکێتی عێراق رەتدەکەنەوەو بوونی ئەو هێزانەش حاڵەتێکی ناسروشتییە، پێویستە هەموو عێراقییەکان رەتیبکەنەوە.

لەلایەکی ترەوەو بەپێی هەواڵێکی تری رۆژنامە، بڕیاروایە هێزەکانی تیپی زەیتونی کۆریا لە کۆتایی ئەمساڵدا بگەڕێنەوە وڵاتەکەیانو بەپێی سەرچاوەیەکی ئاگادار هێزەکانی ئەمریکا داوایکردووە بنکەو بارەگاکانیان پێشکەش بە هێزەکانیان بکەن.

# ...راقەکەی تر» لاواز دەبێت


دیمەنێک لە دەریاچەی دوکان

ژمارەی گەشتیاران، بەڵام پسپۆڕان پێیانوایە کە خراپیی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی لە ناوچەکانی هەرێمو ئاسان دەستکەوتنی ڤیزای گەشتکردن بۆ وڵاتانی دەرەوە هۆکاری کەمبوونەوەی ڕێژەی گەشتیارانە.

### وەزارەتی گەشتوگوزار وەزارەتێکی بێ بودجە

لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمدا، وەزارەتێک بۆ گەشتوگوزار تەرخانکراوە کە نزیکەی ٤١٧ کارمەندی هەیە، جگە لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم، بەڵام بوونی ئەو وەزارەتەش نەیتوانیوە پەرە بە کەرتی گەشتیاریی هەرێم بدات، چونکە لە بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ هیچ پارەیەک بۆ ئەو وەزارەتە تەرخان نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئومێد کەیفی، بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی گەشتوگوزار، لە لێدوانێکیدا بۆ سایتی جەزیرە ئاماژەی بەوە کرد کە پلانی وردیان هەیە بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاریی بە مەبەستی رزگارکردنی ئەو سێکتەرە لەو لاوازیی‌و وەستاوییەی تێیکەوتووە.

هەرچەندە هەموو بۆچوونە ئابوورییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پیشەسازیی گەشتیاریی دەتوانێت بەشێکی گەورە لە داهاتی گشتی وڵات پێکبهێنێت، بەڵام تا ئێستا لە هەرێمدا ئەو هاوکێشەیە ناتەواوەو کەرتی گەشتیاریی وەکو زۆربەی کەرتەکانی تر، هێشتا نەیتوانیوە پشکێکی بەهێز لە داهاتی گشتی هەرێمدا پێکبهێنێت، نەبوونی کادیری پسپۆڕ لە هەرێمدا یەکێکە لە کێشە گەورەکان، چونکە وەکو هەندێ ئاماژەی بۆ دەکەن، گەشتیاریی زانستەو پێویستی بە پلانی تۆکمە هەیە بۆ پەرەپێدانی. لە کوردستاندا لە رووی ئەکادیمییەوە گرنگی بەو بوارە نەدراوەو وەزارەتی گەشتوگوزاریش کە لە نێو میدیاکاندا خامۆشترین وەزارەتە، نەیتوانیوە ئەو لایەنە پڕ بکاتەوە جگە لە چەند بەشێک کە لە پەیمانگا تەکنیکییەکانی هەرێمدا دیبلۆم دەبەخشنە خوێندکاران، هیچ کۆلێژو بەشێکی زانکۆیی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان نەکراوە. ئەمە لە کاتێکدا زۆرێک لە وڵاتانی دراوسێ، بە تایبەتی تورکیاو سوریاو لوبنان، گەشتیاریی یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی داهاتی گشتی وڵات.

ئەمە سەرباری ئەوەی کە هۆشیاریی گەشتیاریی لە پلانە حکومییەکاندا ئاستێکی لاوازی هەیەو بە زۆریی پشت بە هاوینەهەوارو گەشتی سروشت دەبەستێت، لە کاتێکدا هەرێم جگە لە گەشتی ناوچە سروشتییەکان چەندین لایەنی تری گەشتیاریی هەیە، وەکو گەشتی زستانەو گەشتی شوێنەوارییو گەشتی ئایینی.

### بە نێودەوڵەتیکردنی گەشتیاریی، هەوڵێکی ناتەواو

هێشتا کەرتی گەشتیاریی لە هەرێمدا خاوەنی رەهەندێکی لۆکاڵییە، بەو پێیەی نەیتوانیوە هاوڵاتی بیانی کەمەندکێش بکات بۆ هەرێم، سەرباری ئەوەی دوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لە هەرێمدا هەیە، ئەو بیانییانەشی دێنە کوردستان مەبەستی گەشتیارییان نییە.

بەرپرسانی هەرێم، هۆکاری ئەو حاڵەتە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە تا ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا هیچ جیاوازییەک لە نێوان هەرێمی کوردستانو عێراقدا ناکرێتو بە ناوچەی جەنگ ئەژمار دەکرێت، بۆیە خەڵکی بیانی سڵی لێدەکەنەوە.

بەڵام چاودێران پێیانوایە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانی هەرێم ناتوانن داخوازیی هاوڵاتییانی ناوخۆ پڕ بکەنەوە، چۆن دەتوانن خەڵکی بیانی رازی بکەن؟

حکومەتی هەرێم لە هەوڵێکدا بۆ بە نێودەوڵەتیکردنی کەرتی گەشتیاریی کوردستان چەندین گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکانی بواری گەشتیارییدا ئیمزا کردووە، لە سەرووی هەموویانەوە هێنانی کۆمپانیای داماکو گروپی هۆتێلەکانی رۆتاناو کۆمپانیای KONTIOی فینلەندیو گروپی کۆمپانیاکانی (P.I.M xerofrount)ی قوبرسیو کۆمپانیای TICی فەڕەنسیو بلوفۆکسی کەنەدی.

یەکێک لە پرۆژەکان بریتییە لە دروستکردنی هۆتێلی رۆتانا لە شاری هەولێر، لە مەراسیمی دانانی بەردی بناغەی هۆتێلەکەدا کە وەزیری گەشتوگوزاری لوبنانی جۆزێف سەرکیس ئامادەی بوو، نێچیرڤان بارزانی وتی: «بوژانەوەی کەرتی گەشتیاریی هیچ ئەرزشێکی کەمتر نییە لە بوارە ئابوورییەکانی تری وەکو بازرگانیو پیشەسازی، بەڵکو گەشتیاریی کۆڵەکەیەکی گرنگە لە پەرەپێدانی ئابووریو بوژانەوەی وڵاتدا، سروشتو ژینگەی کوردستانیش هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ ئەو مەبەستە».

بەڵام تا ئێستا ئەو پرۆژانە هیچیان تەواو نەبوونو بەشێک لە کەموکوڕییەکانی ئەو پرۆژانەش ئەوەیە کە جێبەجێکردنیان دەدرێت بە بەڵێندەرو کۆمپانیای لۆکاڵیی، کە هیچ شارەزاییەکیان لە هونەری گەشتیارییدا نییە.

هەرچەندە بە تەواوبوونی ئەو پرۆژانە رەنگە گەشتیاریی لە کوردستاندا هەنگاوێک بچێتە پێشەوە، بەڵام دواجار گرنگیدان بە کەرتی گەشتیاریی پێویستی بە باشکردنی ژێرخانی ئابووریو رووخسارە جیاوازەکانی تری گەشتیاریی هەیە.



# خوێندکارە کوردەکانی داقوق ناچارن بە عەرەبی بخوێنن

زانیار داقوقی

کەمیی مامۆستای کوردو نەبوونی پێداویستییەکانی خوێندن، زۆرێک لە قوتابییانی خوێندنگەکانی داقوق ناچاردەکات روو لەو خوێندنگایانە بکەن کە بە زمانی عەرەبی تێیدا دەخوێنرێت.

سوعاد کاکەیی، بەڕێوەبەری دواناوەندیی عەلی سەراب، باس لەوە دەکات کە نەبوونی مامۆستای کوردی گرفتی زۆری بۆ خوێندنگەکەی ئەوانو زۆرێک لە خوێندنگەکانی دیکەی قەزاکە دروستکردووەو وتیشی: «تا ئێستا مامۆستای زمانی کوردی رەوانەی لای ئێمە نەکراوەو بۆ ئەو مەبەستەش چەندین جار سەردانی بەشی کوردی پەروەردەمان کردووە، بەڵام بە هیچ جۆرێک وەڵام نەدراوینەتەوە».

سوعاد ئەوەشی راگەیاند کە ئەو خوێندکارانە کوردی ناخوێنن، ئەوەش مەترسیی بۆ سەر پەروەردەو فێربوونیان هەیە، چونکە مامۆستاکان خۆیان کوردی نازانن.

قەزای داقوق نزیکەی ٤٥کم لە شاری کەرکوکو ٣٠کم لە دووزخورماتووەوە دوورەو کورد بەشێکی بەرچاوی دانیشتووانەکەی پێکدەهێنێت، بەڵام ئێستا لەو قەزایەدا کێشەی زمانو مامۆستای کورد هەیە، بە وتەی پسپۆڕانی بوارەکە کەمیی مامۆستای زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی ئەو ناوچانە لە ئایندەدا مەترسیی بۆ سەر زمانەکەو خەڵکەکە دەبێت.

یوسف سەعید، بەڕێوەبەری پەروەردەی بەشی کوردی لە کەرکوک، ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە لە کەرکوکو ناوچەکانی دیکە کێشەی کەمیی مامۆستای کوردیان هەیەو ئۆباڵی ئەوەشی خستە سەر وەزارەتی پەروەردەی عێراق کە وەک پێویست مامۆستای کوردیان دانەمەزراندووە، ئەوەشی وت: «ئەو مامۆستا کوردانەی لە سنووری کاکەیین، لەلایەن پەروەردەی گشتیی کەرکوک دامەزراون کە سەر بە بەشی کوردی نین، هەربۆیە بە فەرمانی ئێمە ناجوڵێنەوەو ئامادەنین لە قوتابخانە کوردییەکاندا وانە بڵێنەوە».

لەلای خۆیەوە پەروین محەمەد، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو بەرپرسی لیژنەی پەروەردە لە ئەنجومەنی ناوبراو، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئەوان بەدواداچوونیان بۆ ئەو کێشەیە کردووە بۆ ئەوەی چارەسەری بکەنو وتیشی: «بەڵێندەدەم کە بە خەمی ئەو کێشەیەوە بێینو خوێندنگەی ناوەندیی لەو ناوچانە بکەینەوە تا قوتابییانی کورد لە زمانی کوردی بێبەش نەبنو زمانی کوردی شکست نەهێنێت».

لەگەڵ ئەوەشدا بەشێک لە هاوڵاتییانی کەرکوکو دەوروبەری هێما بۆ ئەوە دەکەن کە ئەگەر خوێندنگەی کوردیش هەبێت، ئامادەنین خوێندکارەکانیان بنێرنە ئەوێ، لەبەرئەوەی کە دوای تەواوکردنی ئامادەیی هیچ زانکۆیەک وەریان ناگرێت.

قاسم رەشید، برای یەکێک لەو خوێندکارانەیە کە ئێستا لە یەکێک لە قوتابخانە عەرەبییەکاندا دەخوێنێت، قاسم باس لەوە دەکات کە زۆرێک لە هاوڵاتییان پێیان باشە منداڵەکانیان لە خوێندنگە عەرەبییەکاندا درێژە بە خوێندن بدەنو ئەوەشی وت: «دوای دەرچوونی هەر قوتابییەک لە ئامادەییەکانی کەرکوک هیچ زانکۆیەکی کوردی نییە تێیدا بخوێنێت، سەرەڕای ئەوەی زانکۆکانی هەرێمیش قوتابی کەرکوک وەرناگرن».

ئەو هاوڵاتییە رەخنە لە حکومەتی هەرێم دەگرێت بەوەی قوتابییانی کەرکوکی فەرامۆشکردووە، هەروەک دەڵێت: «هیچکام لە وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵای هەرێمو عێراق لە خەمی قوتابییە کوردەکاندا نین».


چەند خوێندکارێکی شارۆچکەی داقوق

# کەرتی گەشتیاریی لە «عێ

**رۆژنامە**

رۆژنامە

«چەندین هۆتێلی گەشتیاریی‌و زیاتر لە ناوچەیەکی سروشتی جـــوان‌و ئـاســـوودەبـــەخـــش ئارامییەکی رەها دەبەخشن بە مرۆڤ، لە ولاَتێکدا کە بە ناوهێنانی، ئۆتۆمۆبێلی بۆمبرێژکراوو ئاژاوەو رفاندن‌و توندوتیژی لە ئەندێشەتدا دروست دەبێت»، ئەمە بەشێکە لەو هەڵمەتی ریکلامەی کە هەندێ لە راگەیاندنەکانی ئەمریکا تێکەڵاو بە چەندین دیمەنی سروشتی ناوازە بە ناوی «عێراقەکەی تر»بڵاویانکردەوە.

ئـەو هەڵمەتی ریکلامە کە حکومەتی هەرێم وەکو هەوڵێک بۆ ناساندنی هەرێمی کوردستان بە دنیای دەرەوەو کردنەوەی دەرگـای وەبەرهێنانی دەرەکی لە بواری گەشتیاری‌و بازرگانیی ئەنجامیاندا، زیاتر لە مانگێکی خایاند، بەڵام پێناچێت بەرهەمێکی ئەوتۆی هەبووبێت، بەو پێیەی تا ئێستا کەرتی گەشتیاریی لە هەرێمدا سەرباری بوونی بنەما سروشتی‌و مرۆییەکان، هێشتا بە لاوازیی ماوەتەوەو لە نێو کەرتە ئابوورییەکانی هەرێم‌و داهاتی گشتییدا کەمترین پشکی هەیەو تەنها پشت بە کاراکتەری لۆکاڵیی دەبەستێت.

**دەوڵەمەند لە سروشت‌و هەژار لە گەشتیارییدا**

هەرێمی کوردستان لە رووی پێگەی فەلەکییەوە دەکەوێتە نێوان هێڵی درێـژی ٤٢ – ٤٦ی خۆرهەلاَتی هێڵی گرینج‌و بازنەی پانی ٣٣ – ٣٨ی نیوەگۆی باکووری زەوی، ئاستی بەرزی تۆبۆگرافیای ناوچەکەش لە نێوان ٣٠٠ – ٣٠٠٠ مەترە لە ئاستی رووی دەریاوە، کە ئەمەش پێگەیەکی سروشتی بەهێزی پێبەخشیوە لە رووی گەشتیارییەوە، چونکە خاوەنی ئـاووهـەوایـەکـی مامناوەندەو دەوڵەمەندە بە ناوچەی سروشتی جـوان‌و رازاوە، بەڵام بەهێزیی کەرتی گەشتیاریی تەنها پشت بە لایەنی سروشتی نابەستێت‌و پێویستی بە بنەمای مرۆیی‌و ژێرخانی ئابووریی‌و باری ئەمنیی ئارام‌و جێگیری تەواو هەیە، کە لە ئێستادا جگە لە لایەنی سروشتی‌و لایەنی ئەمنی، هیچ بنەمایەکی تر لە کەرتی گەشتیاریی هەرێمدا بـوونـی نـیـیـەو ئـــەوەش ئـەو کەرتەی لە سنوورێکی لۆکاڵیدا هێشتووەتەوە.

هەر سێ شارەکەی هەرێمی کوردستان کە بە بـــەراورد بە ناوچەکانی تـری عێراق باری ئەمنییان ئارامە، نزیکەی ١٠٠ ناوچەی گەشتیاریی سروشتییان تێدایە، بەڵام تا ئێستا بەرمەبنای هیچ ماستەر پلانێک حکومەتی هـەرێـم نەیتوانیوە پـەرە بەو ناوچە سروشتییانە بدات‌و بیکاتە ناوچەیەکی گەشتیاریی بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان، ئـــەوەشـــی کـــراوە تـەنـانـەت وەڵامـــی داخـوازیـی گەشتیارە لۆکاڵییەکانیش ناداتەوە. هەر بۆیە لە نێو داهاتی کەرتە ئابوورییەکانی هەرێمدا هیچ پێگەیەکی ئەوتۆی نییەو لە پنتێکی زۆر بچووکدا نەبێت نەبووەتە داهاتی تەنانەت تاکەکەسیش. لەگەڵ ئەوەشدا تەنها لە پارێزگای سلێمانی ٣٠ رووپێویی تۆبۆگرافی ئەنجامدراوە لەگەڵ جێبەجێکردنی ٣٠ پرۆژەی گەشتیارییدا، بەڵام ئەو پرۆژانە بچووکن، وەکو دانانی کابینەو تێکەڵەرێژکردنی رێگەوبانەکان‌و دانانی پێداویستی پاکوخاوێنی‌و تەندروستی (W.C). هەر بۆیە زۆربـــەی ئـەو گەشتیارانەی سەردانی شوێنە گەشتیارییەکانی هـــەرێـم دەکـــەن، گەشتیاری ناوخۆیین‌و بە پێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان ناچنە خانەی پیشەسازی گەشتیارییەوە.

**گەشتیاریی لە ناچاریدا**

سەرباری کەموکورییەکانی کەرتی گەشتیاریی لە هەرێمدا، بەڵام لە دوای رووخانی رژێمی سەدام حسێن، لە ساڵی ٢٠٠٣دا چالاکی گەشتیاریی لە هەرێمدا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد، بە پێی هەندێ ئاماری نارەسمی لە مـاوەی ٣ ساڵی رابـردوودا نزیکەی ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ هەزار کەس بە مەبەستی گەشتکردن سەردانی هەرێمیان کردووە کە زۆربەیان ئەو خێزانە عێراقییانە بوون کە لە ناوەراست‌و باشووری عێراقەوە لەبەر خراپیی باری ئەمنی‌و بۆ رزگـاربـوون لە کەشوهەوای توندوتیژی ناوچەکانی خۆیان، سەردانی ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمیان کـــردووە. هۆکاری سەرەکی هاتنی ئـەو ژمارەیە بە بروای هەندێک لە چاودێران باشیی باری ئەمنی ناوچەکانی هەرێم بووە، کە ئەوەش پاڵنەرێکی سەرەکی نییە لە گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاردا، بەڵام بە هۆی خراپیی ناوچەکانی تری عێراقەوە لەو ساڵانەی دواییدا هـۆکـاری کەمەندکێشکردنی هاولاَتییانی عێراقی بـووە بۆ ناوچە گەشتیارییەکان، یەکێکی تر لە هۆکارەکانی زۆربوونی گەشتیارانی عێراقی بۆ هەرێم قورسیی‌و سەختیی وەرگرتنی ڤیزا بـووە بۆ دەرەوەی ولاَت، چونکە بە پێی راپۆرتێکی ئاژانسی رۆیتەرز، زیاتر لە نیوەی ئەوانەی دێـنـە هـەرێـم بـۆ گەشتکردن، نەیانتوانیوە ڤـیـزای گەشتی ولاَتانی دەرەوە دابین بکەن، واتە ئەگەر بیانتوانییایە لە بری هاتنیان بۆ هەرێم، گەشتی دەرەوەیـان دەکرد.


بـەڵام ئێستا رێـژەی هاتنی گـەشـتـیـاران بـۆ هــەرێـم بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە بۆ کەمتر لە نیوەی گەشتیارانی ساڵانی پێشوو.



محەمەد ئەمین ئیبراهیم، خـــاوەنـــی چێشتخانەیەکی گـەشـتـیـاریـیـە لــە شـەقـلاَوە، ئاماژە بەوە دەکات کە چالاکی گەشتیاریی نیو هێندەی ساڵانی رابـــردوو دابـەزیـوە، هــەروەک باس لەوەش دەکات کە بەهۆی کەمیی گەشتیارانەوە کرێکارانی چێشتخانەکەی لە ٦٠ کرێکارەوە کەمکردووەتەوە بۆ ٢٠ کرێکار.

کەمال وەهبی، کە بەرپرسی ئیداریی یەکێکە لە هۆتێلەکانی شـەقـلاَوە، زیـاتـر لـە محەمەد رەشبینانە دەروانێتە چالاکی گەشتیاریی‌و پێیوایە گەشتیارانی عێراقی لە هەرێمدا بە رێـژەی ٩٠٪ دابەزیوە، هەروەک ئاماژەش بەوە کات لە کۆی ٦٠ ژووری هۆتێلەکەیان مانگانە تەنها ١٠ ژوور پردەبێتەوە، «لە کاتێکدا پێشتر لەبەر زۆریـی ژمـارەی گـەشـتـیـاران، هیچ هۆتێلێک بەرنەدەکەوت».

ئـــەوانـــەی لـــە کـــەرتـــی گـەشـتـیـاریـیـدا کـاردەکـەن، پێیانوایە گرتنەبەری رێوشوێنی ئەمنیی تـونـدوتـۆڵ لـە لایـەن بەرپرسانی ئەمنیی هەرێمەوە، هۆکارێکە بۆ کەمبوونەوەی



# ژنانی کورد لە ئەوروپا دژی فرەژنی دەوەستنەوە

**شەماڵ ئاکۆ**

رێکخراوی کۆمەڵەی گەلی کوردستان لە سویدو رێکخراوی ومێن ئەید (Women Aid)ی سویدی کۆڕێکی کراوەیان سازکرد بۆ چەند کەسایەتی‌و چالاکوانانی بواری ژنـان، بەمەبەستی دروستکردنی فشار لەلایەن کوردانی دەرەوە بۆ سەر پەرلەمانی کوردستان لە بەرامبەر پەسەندکردنی برگەی فرەژنی لە یاسای باری کەسێتی.

پەسەندکردنی برگەی هێنانی ژنی دووەم بەپێی مەرج لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بەشێک لە رێکخراوەکانی ژنان‌و داکۆکیکارانی مافی ژنی لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان نیگەران کردووەو دەیانەوێت هەرچۆنێک بێت ئەو پرۆژەیاسایە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە پەسەند نەکرێت.

رۆژی ٢٠٠٨/١٠/٣١ لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید هەردوو رێکخراوی ناوبراو کۆڕێکی کراوەیان سازکرد.

ئەحمەدی ئەسکەندەری، کەسایەتیی سیاسی‌و چـالاک لـە بـــواری مافەکانی ژنـــان، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە تووشی شۆک بووە کاتێک پەرلەمان ئەو برگەیەی پەسەندکردووەو وتـــی: «پەرلەمان بەم یاسایە هەموومانی بێئومێد کرد، چونکە ئەمە یاسایەکی رەشە، بۆیە دەبێت فشارێکی زۆر بکرێتە سەر پەرلەمانی کوردستان تا لەم یاسایە پاشگەز ببێتەوە».

یاسای بـــاری کەسێتی ژمــارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە دەرچووەو تا ئێستا چەند جارێک چاکسازیی تێداکراوەو هەموارکراوە بۆ ئەوەی لەگەڵ سەردەمدا بگونجێت.

نەجیبە مەحمود، یەکێکی دیکەبوو لە بەشداربووانی کۆڕەکەو وەک کەسێکی چالاکی ژنان باسی لە یاسای ساڵی ١٩٥٩ی تایبەت بە باری کەسێتی لە عێراق کرد، وتی کە ئەو گۆڕانکارییانەی لە سەردەمە جیاوازەکاندا کراوە لە بەرژەوەندیی رژێمە یەک لەدواییەکەکانی عێراق بـــووە نەک بەرژەوەندیی خەڵکی، دوای راپەڕینیش توانرا چەند یاسایەک لە بەرژەوەندیی ژناندا دەربچن، هەرچەندە بەهۆی دوو ئیدارەییەوە کاریان پێنەکرا، نەجیبە هەروەها ئەوەشی وت: «جێگەی داخــە زۆرجـــار بەرپرسان بۆ دەربازبوون‌و پاساوهێنانەوە پەنا بۆ شەریعەتی ئیسلامی دەبـــەن، لەکاتێکدا بۆخۆیان چەندین ڤێلایان دروستکردووە بۆ رابواردنی خۆیان، بێئەوەی گوێ بە شەرع بدەن، یاخود باسی ژنانی ئەنفال دەکەن، ئایا تا ئێستا کێ ژنێکی ئەنفالی هێناوە؟».

لەلای خۆیەوە چرۆ عوسمان، چالاک لـــە بـــواری رێـکـخـــراوە مەدەنییەکان، ئـامـاژەی بۆ ئـەوەکـرد کە پیاوی کورد بەرامبەر بە مافەکانی ژنان تێڕوانینێکی پێشکەوتنخوازانەیان نییەو بیرتەسکانە سەیری مافەکانی ژنان دەکـــەن، وتیشی: «زۆرێک لەوانەی دەنگیان بە یاساکە داوە بیانووی ئەوە دەهێننەوە کە لە کوردستاندا رێژەی ژنان زۆرترە لە پیاوان، بەڵام ئەمە هیچ بنەمایەکی نییە، چونکە تا ئێستا هیچ ئامارێکی رەسمی نییەو ئەو بۆچوونەیان پشت بە هیچ ئامارێک نابەستێت».

زۆرێـــک لە داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان پەسەندکردنی یاساکە بە پێچەوانەی بەندەکانی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤـو بنەما جیهانییەکان لەقەڵەم دەدەن، لەکاتێکدا عێراق زۆرێـــک لــەو رێککەوتننامانەی ئیمزاکردووە.

تارا توانا، چالاکی بــواری سیاسی‌و ئەندامی حیزبی سۆسیال دیموکراتی سوید، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بڕیاردان لەسەر ئەو یاسایە پێچەوانەی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤەو یاساکە لەسەر بۆچوونێکی ئیسلامی دانـراوە نەک دیموکراتی‌و وتی: «یاساکە کێشەکانی ژنان لە کوردستان زیاتر دەکات‌و توندوتیژی زیاتر پەرەدەسێنێت بەرامبەر ژنان».

ئەو ئەندامەی سۆسیال دیموکراتی سوید رەخنەی ئەوەی لە پەرلەمانتارانی سەر بە لیستی سەوز گرت کە نەدەبوو دەنگ بەو پرۆژەیاسایە بدەن‌و وتیشی: «دەبوایە ئەندامانی یەکێتی وەک پارتێکی سۆسیال دیموکرات‌و ئەندامی سۆسیال ئینتەرناسیۆنال هەڵوێستی روونترو راشکاوانەتریان بوایەو بە ئاسانی قبوڵی ئەو یاسایەیان نەکردبایە کە پێچەوانەی ئایدیۆلۆژیای سۆسیال دیموکراتەکانە».

لـە دانیشتنی رۆژی ٢٧ی مانگی رابـــردوودا پەرلەمانی کوردستان بە جیاوازیی (٥) دەنگ‌و بە ٣٩ دەنگ بەرامبەر ٣٤ دەنگ، برگەی هێنانی ژنی دووەم بەپێی مەرج لە یاسای باری کەسێتیدا پەسەندکرد کە زۆرێک لە رێکخراوەکانی ژنان بە زوڵمی دەزانن بەرامبەر بە مافی ژنان، هەربۆیە لە رێگەی کەمپین‌و چالاکیی جۆراوجۆرەوە دەیانەوێت ئەو یاسایە رەتبکەنەوە.



دیمەنێک لە کۆڕەکە

بەڕێوەبەری گشتیی ئەزموونەکان لە وەزارەتی پەروەردە:

# سەرکەوتنی سیستمی نوێ بە ساڵێکو دوو ساڵ دەرناکەوێت

**سازدانی: ئاری سابیر**

**باپیر بەکر، بەڕێوەبەری گشتیی ئەزموونەکان لە وەزارەتی پەروەردە پێیوایە سیستمی نوێ ماوەی چەند ساڵێکی دەوێت تا کاریگەرییە ئیجابییەکانی دەردەکەوێتو ئاماژە بەوەش دەکات کە ناکرێت لەبەرئەوەی بینامان نییە یاخود بەهۆی کێشەیەکی دیکەوە سیستمەکە رابگرینو جێبەجێی نەکەین یان دوابخرێت. بەڕێوەبەری گشتیی ئەزموونەکانی وەزارەتی پەروەردە لە دیدارێکی رۆژنامەدا راوبۆچوونی خۆی سەبارەت بە سیستمی نوێو گیروگرفتەکانی دەخاتەڕوو.**

**رۆژنامە: رەخنەیەکی زۆر لە ئاستی زانستیی مامۆستایان دەگیرێت بەوەی کە ئاستیان نزمەو نەیانتوانیوە وەک پێویست ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن، لەم سیستمە نوێیەدا تا چەند هەوڵدراوە ئاستی زانستیی مامۆستایان بەرز بکرێتەوە؟**

* زۆر گرنگە لەم سیستمە نوێیەدا ئاستی زانستیی مامۆستایان بەرز بکرێتەوە، بۆ ئەوەش وەزارەت پلانی خۆی هەیەو چەندین خولیشی کردووەتەوە، لە ساڵانی رابردوودا کۆمەڵێک خول لە وڵاتانی دەرەوە بۆ مامۆستایان کراوەتەوە لەسەر شێوازی نوێو زۆرێک لە مامۆستایان سوودیان لەو خولانە بینیوەو شارەزاییان پەیداکردووە، بەڵام کێشەی سەرەکیی سیستمەکە ئەوەیە کە بینای پێویستمان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت لەبەرئەوەی بینامان نییە یاخود بەهۆی کێشەیەکی دیکەوە سیستمەکە رابگرین.

**رۆژنامە: ئایا لە پەیڕەوکردنی سیستمی نوێدا پەلە نەکراوە، بە جۆرێک زۆرێک کەموکوڕیو ناتەواوی لە سیستمەکەو پێداویستییەکانیدا هەیە کە پێویستبوو پێشتر ئامادەکاریی تەواوی بۆ بکرایە لە هەموو لایەنەکانەوە؟**

* بە بۆچوونی من ئەو کەموکوڕییانە نابێتە گرفت لەبەردەم پەیڕەوکردنی سیستمی نوێی پەروەردەدا، سیستمی نوێ جێبەجێکردنو سەرکەوتنی لەوەدایە بەو کێشانەوە بتوانیت جێبەجێی بکەیت، لەوانەیە بە ئاسانی نەتوانیت گرفتی بینای خوێندن چارەسەر بکەیت، رۆژ بە رۆژ رێژەی خوێندکاران زیاد دەکات، من چوومە وڵاتی میسر سیستمێکی نوێیان پەیڕەوکردووە بە رێژەیەکی زۆری خوێندکارەوە کە کێشەی نیشتەجێبوون لەوێ ناونراوە تەقینەوەی نیشتەجێبوون، پۆلەکانیشیان لە ٤٠ خوێندکار کەمتری تێدا نەبوو.

**رۆژنامە: لە ئامانجەکانی سیستمی نوێی پەروەردەدا باسی دیموکراتی کراوە لە قوتابخانەکاندا، پێتوایە ئەمە لەناو قوتابخانەکانی ئێمەدا رەنگبداتەوە؟**

* پرەنسیپی دیموکراسی یەکێکە لەو خاڵە گرنگانەی پێویستە جێبەجێ بکرێت، بەتایبەتی ئێستا لە عێراقو کوردستان زۆر باسی دیموکراتی دەکرێت، بۆیە پێویستە ئەو دیموکراسییەش بێتە ناو قوتابخانەکانو قوتابییان سوودی لێوەرگرن، با ئەوانیش لە رێگەی هەڵبژاردنەکانی ناو خوێندنگەکان مومارەسەی دیموکراتی بکەنو ئازادیی تەواویان هەبێت لەناو قوتابخانەو خوێندنگەکاندا، تا لە ئایندەدا نەوەیەکی مۆدێرن پەروەردە بکرێت.

**رۆژنامە: تێکەڵکردنی کوڕو کچ لە پۆلەکانی (٧، ٨، ٩) لەو تەمەنەدا گرنگیی چی بوو، کە نارەزایی لەلای دایکانو باوکانو کۆمەڵێک خەڵکی دیکە دروستکردووە؟**

* ئێمە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا لە سنووری پەروەردەی کۆیە ئەو تێکەڵکردنەمان هەبووەو کوڕو کچ بەیەکەوە بوون، هەندێک خوێندنگەکانی رانیەش بە هەمانشێوە تێکەڵبوون، بۆچی نارەزایی هەبێت، لەوەیە ماوەیەکی دیکە ئەو کەسانە بۆچوونیان بگۆڕێت، ئەو تێکەڵکردنە کێشەی دوو ستافو دوو بیناو چەندین کێشەی چارەسەر کردووە.

**رۆژنامە: پێتوایە ئەو سیستمە نوێیەی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا سەرکەوتوو دەبێت؟**

* بەڵێ سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام بە ساڵێکو دوو ساڵ نا، کاتێکی زۆری دەوێت، لەوانەیە چەند ساڵێکی دیکە ئاستی زانستیی قوتابییانو خوێندکارانی کوردستان زۆر لە ئێستا پێشکەوتووتر بێت.



## وێنەو خەڵک



قوتابییانی گوندی سوێرەی شارباژێر لەم قوتابخانەیەدا سیستمی نوێی پەروەردە پەیڕەو دەکەن.
فۆتۆ: عەبدولڕەحمان عەلی رەزا

# با کۆلێژی یاسا لەناو دادگادا بێت، چۆن کۆلێژی پزیشکی لەناو نەخۆشخانەدایە

**ئەحمەد عوزێری**

کۆلێژی یاسا بە گرنگترین ئەو کۆلێژانە دادەنرێت کە هەڵدەستێ بە دروستکردنی کادیرو کەسایەتیی لێهاتوو لە بوارەکانی یاسا بێت یان سیاسەت، کە لە داهاتوودا ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵاتیان دەکەوێتە ئەستۆ، جا چ لە بواری دادوەریی بێت کە لە دەسەڵاتی دادوەریدا کاربکەن وەک هەر ئەرکێکی قەزایی، یان لە دەسەڵاتی پەرلەمانی (تشریعی) وەک پەرلەمانتار، کە ئاشکرایە لیژنەی یاسایی پەرلەمانە وڵات رێکدەخاتو یاساکان دیاری دەکات، یان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە بێگومان بوونی کادیری یاسایی لەمجۆرە شوێنانە بەڕێوەبردنەکە سەرکەوتووتر دەکات، یان ئەو کەسانەی کە لە پاشکۆی یاساییدا کاردەکەن لە باڵیۆزخانەو قونسوڵگەکان کە ئەرکی زۆر گەورەیان دەکەوێتە ئەستۆ، لەلایەک ئەرکی پاراستنی مافی وڵاتو لەلایەکی تر پاراستنی مافی ئەو هاونیشتمانانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەژین، ئەو دەزگایانەی کە ئاماژەی پێکرا یەک لە هەستیارترینو گرنگترین ئەو دەزگایانەن کە وڵات لەسەر بەهێزییان دەوەستێ، پێویستە ئەو کەسانەی کە لە داهاتوودا ئەم ئەرکانەیان دەکەوێتە سەرشان، کەسایەتیی زۆر بەتواناو لێهاتووبن کە بتوانن شیاوبن بۆ ئەم پۆستانە، بوونی کەموکوڕی لەمجۆرە شوێنانە وڵات بەرەو دواوە دەبات، بۆ ئەمەش لەسەر لایەنی پەیوەندیدار پێویستە زۆر پەرە بەم چینە بدەن کە داهاتووی وڵاتیان دەکەوێتە ئەستۆ، کە فێرخوازانی کۆلێژی یاسان، بە راستی گرنگیدان بە دروستکردنی ئەم کەسانە، گرنگیدانە بە داهاتووی ئەو وڵاتەی کە بە رووباری خوێنینی شەهیدە چاوگەشەکان خۆی ناساندووە، نەخشەدانان بۆ پاراستنی داهاتووی ئەم وڵاتە یەک لە ئەرکە هەرە گرنگو پیرۆزەکانە کە بەرپرسانی ئەمڕۆ پێویستە بیکەن بۆ سبەی.

بۆ دەستپێکردن بەم کارە بە باشی دەزانم کە کۆلێژی یاسا لەناو دادگادا بێت کە کاردانەوەی زۆر پۆزەتیڤانەی لەسەر فێرخواز دەبێتو بە دووریشی مەزانە کە کاردانەوەی لەسەر دادگاش بە پلەی دوو هەبێت.

راستە زانکۆ خولێکی یەک مانگەی بۆ فێرخواز داناوە لە ماوەی پشووی هاوینە، بەڵام ئەم ماوەیە تەنها بۆ ناسینی بەشەکانی دادگاو رێوشوێنە زۆر ساکارەکان بەش ناکات، سەرباری ئەوەش زۆربەی فێرخوازان تەنها بۆ ئامادەیی دەربڕین دەچن بۆ دادگا، بەڵام بە وجودی کۆلێژ لەناو دادگاو بوونی وانەی پراکتیکی، لە کۆلێژ زیاتر وا لە فێرخواز دەکات پەرە بە کارەکەی بدات، هەر لە سەرەتا خوێندنی پسپۆڕیی خۆی دیاری بکات، بەمەش زیاتر جورئەتی دەبێت بۆ کارکردن دوای تەواوکردنی کۆلێژ.

فێرخواز پێویستە هەر لە سەرەتاوە پەیوەندی هەبێت لەگەڵ پارێزەرێکی راوێژکار یان مافپەروەرێکی دیار کە زانکۆ داوای تەقیمی ئەم فێرخوازە بکات لە کۆتایی هەر ساڵێکی خوێندندا لەم کەسە.

فێرخواز عەبای تایبەت بە خۆیان لەبەربکەن لەکاتی مەشقکردنیان، کە ئەمە وادەکات هەر لە سەرەتاوە هەست بە بوونی خۆیان بکەنو بشزانن کە لە داهاتوودا فەرمانی زۆر قورسیان لەسەر شانە، بۆیە دەبێت هەر لە ئێستاوە لە کەشوهەوایەکی وا پەروەردە بکرێن کە زۆر بە گرنگیی پیشەکەیان وەربگرن.

هەروەها بوونی کۆلێژ لەناو دادگادا وادەکات کە دادگا زیاتر بەرەو ئیجرائاتە یاساییەکان بڕوات نەک جارجار هەندێک رێوشوێنی هەڵە دەبێت بە پەیڕەوێکی عورف لەناو دادگا، بۆیە پێم باشە کە کۆلێژی یاسا لەناو دادگادا بێت هەروەک چۆن کۆلێژی پزیشکی لەناو نەخۆشخانەدایە.

# زبڵدانێک بە ٢٥٧ ملیۆن دینار دەکرێتە باخچە

ستارە عارف

پارێزگای سلێمانی لەسەر رووبەری ٣ دۆنم زەوی پـرۆژەی باخچەیەک لە گەڕەکی زەرگەتەی کۆنی شاری سلێمانی دروسـتـدەکـات کە پێشتر زبڵخانە بووەو پاشەڕۆی تێکراوە.

شێرزاد مەولود، سەرپەرشتیاری پرۆژەکە لە کۆمپانیای بەهزاد، ئاماژەی بەوەدا کە هەرچەندە پرۆژەکە ماوەی ٢ مانگ راگیرا، بەڵام بەبێ کەموکوڕیو لەکاتی خۆیدا تەواوبووە.

ئـەو هـۆکـاری وەسـتـانـدنـی پرۆژەکەشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە شارەوانیی لەکاتی خۆیدا گڵی پێویستی بۆ دابین نەکردوونو ماوەی دوو مانگ پرۆژەکەیان راگرتووە.

سەرپەرشتیاری پرۆژەکە هێمای بۆ ئەوەشکرد کە شوێنی باخچەکە پێشتر زبڵدان بـووەو سیمایەکی ناشرینی هەبووە، بەڵام ئێستا بووەتە باخچەیەکی خاوێنو رازاوە.

بـاسـی لـەوەشـکـرد کـە هەندێک کەموکوڕی لە پرۆژەکەدا ماوە، بەڵام ئـەوە لە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی باخچەکاندایە کە ئەو کەموکوڕییانە تەواوبکەنو خۆیان بە دیزاینی نوێ هەستن بە سەوزکردنی باخچەکە.

پرۆژەی باخچەکەی گەڕەکی زەرگەتە لە بـەرواری ٢٠٠٨/٤/٣٠وە دەست بە جێبەجێکردنی کراوەو ماوەی یاسایی پرۆژەکە ٧٥ رۆژ بووە، بەڵام بەهۆی چەند کەموکوڕییەکو کەمتەرخەمیی شارەوانیی سلێمانی، ماوەی پرۆژەکە ١٠٠ رۆژی خایاندو لە ٢٠٠٨/١٠/١٧دا تـەواوبـووە، بـودجـەی پـرۆژەکـەش نزیکەی ٢٥٧ ملیۆن دیناری تێچووەو رووبـەرەکـەی (٣ دۆنـم) نزیکەی ٧ هەزارو ٢٠٠ مەتر چوارگۆشەیەو کاری سەوزکردنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانەوە بۆ دەکرێت.



دێـریـن فـەهـمـی، ئـەنـدازیـار لە بەڕێوەبەرایەتی باخچەکان، وتی: «پرۆژەی دروستکردنی ئەم باخچەیە لـە گـەڕەکـی زەرگـەتـەی کـۆن، کە یەکێکە لە گەڕەکە هەژارنشینەکانو تا ئێستا باخچەی تێدا نەکراوەو بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە»، هێمای بۆ ئەوەشکرد کە پاش ئـەوەی خەڵکی گەڕەکەکە داوایانکردووە ئەو شوێنەیان بۆ خاوێن بکرێتەوەو بکرێتە باخچە، دواتر داواکەیان قبووڵکراوەو رووپێویو دیزاینی باخچەکە کراوەو دەستکراوە بە دروستکردنی باخچەکە.

ئـامـاژەی بـەوەدا ئـەم باخچەیە لەوەوپێش شوێنی زبڵدانو خۆڵ بووەو شیوێک بووە ئاوی تێدا کۆدەبووەوە، بەڵام پاش پاککردنەوەی بە قووڵایی دوو مەتر گڵی پیسی لێ فڕێدراوەو گڵی پاکی تێکراوە، ئەوەشی خستەڕوو کە بیرێکی ئیرتیوازی بە قووڵیی ١١٠ مەتری بۆ لێدراوەو کارەبای گشتیو موەلیدەشی بۆ دابینکراوە، ئەمە جگە لە کۆمەڵێک گڵۆپو ستوونو سیاج بۆ دەرەوەی باخچەکە.

# هۆڵێک بۆ ئیشی دەست لە سلێمانی دروستدەکرێت

نیان مەجید

کـەمـیـی کـارمـەنـدو هاوکارینەکردنی حکومەتو لایـەنـە پـەیـوەنـدیـدارەکـان، ئیشی دەسـتـی کـۆمـەڵـەی هەرەوەزیی ژنانی دەستڕەنگینی کەمکردووەتەوە، بۆ پەرەپێدانی ئەو ئیشە دەستیيانەش پارێزگای سلێمانی هۆڵێک بۆ کارەکانی کۆمەڵەکە دروست دەکات.

پارێزگای سلێمانی ئەو هۆڵە بۆ کارگەی ئیشی دەستی مافور لە سلێمانی بە بڕی ٤٥٥ ملیۆنو ٩٩٥ هەزار دینار دروستدەکات، لە مانگی ئایاری ئەمساڵەوە پـرۆژەکـە خـراوەتـە بـواری جێبەجێکردنەوەو بڕیاربوو لە ماوەی ١٢٠ رۆژدا تەواوبکرێت، بەڵام تا ئێستا دەست بە کارکردن نەکراوە تێیدا، ئەوەش بەهۆی تەواونەبوونی دیزاینەکەیەوەو بڕیارە لە پارێزگاوە دیزاینی بۆ بکرێت.

کۆمەڵەی هەرەوەزیی ژنانی دەستڕەنگین لە ساڵی ١٩٩٣ لە سلێمانی دامـەزراوەو لە ساڵی ١٩٩٨یشەوە بەشی دروستکردنی فەرشی تێدا کراوەتەوە، سەرەتا نزیکەی ٧٥ کارمەندیان هەبووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی جێگەو کاری زۆرەوە ئێستا ١٢ کارمەند کاری تێدا دەکەن، ئەوەش وایکرد پرۆژەی دروستکردنی هۆڵێک ئامادەبکەن بۆ فراوانتربوونو بەڕێوەچوونی کارەکانیانو بەرهەمهێنانی زیاتر.

نـرخـی فـەرشـەکـان کە کۆمەڵەی ژنانی دەستڕەنگین دروستی دەکەن «گرانە»، ئەوەش وایکردووە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرهەمەکانیان بڵاونەبێتەوەو خەڵک نەتوانن بە ئاسانی بیکڕن، بەشێوەیەک کە نرخی هەر فەرشێکی گەورە ٤٠٠٠ تا ٥٠٠٠ دۆلارەو فەرشێکی بچووکیش نرخەکەی ٢٠٠ تا ٣٠٠ دۆلارە، بەشێک لە پیشەوەرەکانی ئەو کۆمەڵەیەش هاوکارینەکردنی حکومەتو کەمیی کارمەندە پیشەییەکان لە بواری بەرهەمە ناوخۆییەکانو کەمتەرخەمیی رێکخراوەکان لە بوارەکەدا، بە هۆکاری گرانیی ئەو نرخانە دەزانن.

سەبریە رەئووف، سەرۆکی کۆمەڵەی هـەرەوەزیـی ژنانی دەستڕەنگین، باسی لەوەکرد کە بەهۆی گرانیی نرخەکانو کەمیی بەرهەمەکانیانەوە کە ناتوانن بیانخەنە بـازاڕەوە، بەرهەمی کۆمەڵەکەیان تەنها لەکاتی نمایشکردنی پێشانگاکاندا دەفرۆشرێت.

سەبریە پێیوایە ئامانجی سـەرەکـی لـە بـەرهـەمـی ناوخۆییو ئیشە دەستییەکان، لـەنـاونـەچـوونـی کـلـتـووری کوردەوارییو زیندووکردنەوەی ئیشە دەستییەکانەو وتـی: «مەبەستیشمان تەنها بۆ قازانج نەبووە، بەڵکو زیاتر بۆ خزمەتکردنی ژنـان بـووە لە بوارە ئابوورییەکەیاندا»، جەختی لەوەشکردەوە کە حکومەت زۆر بە کەمیی گرنگیی بەو لایەنە داوەو وتیشی: «ئێمەش بە تەنهاو بەو ئیمکانیاتەی خۆمان هەر توانای ئەوەندە کارکردنمان هەیە».

کەمییو گرانیی نرخی ئەو بەرهەمە دەستییانە لەکاتێکدایە کە هاوڵاتییان داواکـاریـیـان لەسەری هەیەو تەنانەت ئەو کەسانەی لە دەرەوەی وڵاتەوە بۆ گەشت روو لە کوردستان دەکـەن، خوازیاری کڕینی ئەو بەرهەمانەنو پێیان باشە پەرەی زیـاتـری پێبدرێتو شوێنی گونجاوو کارمەندی پێویستیان بۆ تەرخان بکرێت.



هـــەروەک سـەرۆکـی کـۆمـەڵـەی هـەرەوەزیـی، بـیـنـاکـردنو دروسـتـکـردنـی هـۆڵـێـک لـەلایـەن پـارێـزگـای سلێمانییەوە بە هەنگاوێکی باش دەزانێت بۆ بـرەودان بە کارەکانیانو گرنگیدان بە کاری دەسـتو بەرهەمی ناوخۆییو بوژاندنەوەی ئابووری، سەبریە رەئووف پێشیوایە کردنەوەی هۆڵێکی تایبەت بـە فـەرش چنین توانایان بۆ کارکردن زیاتر دەکـاتو هەوڵدانیان بۆ زیادکردنی فەرش زیاتر دەبێت، بەڵام شوێنی کارگەکەی بە دوور زانی کە دەکەوێتە (ژاڵە)وەو وتی: «ئەگەر ئەم هۆڵی فەرش چنینە بکرێتەوە، دەبێت ئاسانکاریی بۆ هاتوچۆی کارمەندەکان بکرێت لەبەر دووریـی شوێنەکەی، لەبەرئەوەی زیاتر ئافرەتان ئیشەکە دەکـەنو دووریـی شوێنەکەش رێگر دەبێت لە هاتنیان».

هۆکارێکی سەرەکیی کەمیی بەرهەمەکان، نەبوونی مەکینەی فەرش چنینە کە بەشێوەیەک کـۆمـەڵـەی هـەرەوەزیـی دەستڕەنگین لـە مـاوەی ٤ مانگدا دەتوانن تەنها فەرشێک دروستبکەن، سەرۆکی کۆمەڵەکە لـەو رووەوە وتـی: «ئامێری فەرش چنین رۆڵی زۆری دەبێت بۆ زیاترکردنی بەرهەمەکانمانو ئەگەر لەگەڵ کـردنـەوەی ئەم هۆڵەدا ئەو ئامێرانەشمان بۆ دابنرێت، لە رۆژێکدا دەتوانین ٧ فەرش دروستبکەین».

www.netewe.com

# یەکێتی لە شکستە یان نەوشیروان لە لوتکەدایە

دلزارحەسەن

١-٢

**پێشەکی:**

بۆ ئەوەی بە هەڵە لە مانای بابەتەکەمو ناوەرۆکی نووسینەکەم تێنەگەن، لەگەڵ ئەوەشدا تەفسیری خراپی بۆ نەکرێت، لەو بەراییەدا هەوڵدەدەم نەختێک بەرچاوڕوونی لە زۆرێک بابەتی تایبەت بە واقیعی خۆمانو چەمکی دەسەڵاتو ئیدارەو حکومەتو لەناو ئەوانیشدا پرسی ریفۆرمو گۆڕانو گەندەڵیو ناشەفافییەتو نەبوونی ئازادیو دیموکراسی لە پرۆسەی سیاسیو ئیداریی هەرێمی کوردستاندا بکەم، جگە لەوەش زەمینە خۆشدەکەم بۆ شێوەیەک لە دیالۆگ، کە هێندە بەلای لەیەکتر تێگەیشتنو یەکتر خوێندنەوە ئاراستە وەربگرێت، کەمتر لەوە بپەرژێتە سەر ناوزڕاندنو بێبایەخکردنی تواناو کۆششی یەکتری، لە سەرەتاوە بە پێویستی دەزانم سەرنجتان بۆ ئەوە رابکێشم کە من نایەم قسە لەسەر لایەنی دەرەکی چ کاک نەوشیروانو چ یەکێتی، یان هەر بابایەکی دیکە بکەم، بەڵکو مەبەستەکەم چڕدەکەمەوە لە شرۆڤەو خوێندنەوەی لایەنی مەعنەویی هەریەک لەو لایەنو کەسو تاکانەی کە دەچنە نێو چوارچێوەی باسەکەی منەوە، بەر لە هەموو شتێکیش دەبێت ئەوە روونبکەمەوە کە خودی نووسینو لێدوانو ئامانجە سیاسیو ئیداریو فەرهەنگییەکانی کاک نەوشیروانو سەرکردایەتیی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەخەمە خانەی ئەو قسە لەسەرکردنەوە، نەک پارتی دیموکراتی کوردستانو هێزو لایەنەکانی دیکەی کوردستانی. مەبەستیش لێرەدا ئەوەیە هەنگاوێک لە جەوهەری باسەکە نزیک بکەوینەوە، تا زیاترو باشتر بچینە قوڵایی شێوەو ناوەرۆکی دەردەشەی نێوان نەوشیروانو یەکێتییەوە. رەنگە هەبێت پرسیارو گومان بخاتە سەر ئەو ناونیشانەی کە بۆ باسەکە داماوەو بڵێت ناونیشانەکە شێوەیەک لە دەربڕینی ئیستفزازی پێوە دیارە، بۆیە لێتان ناشارمەوە منیش سەرەتا دوودڵ بووم لە هەڵبژاردنی ناوەکەی، بەڵام پێشم خۆش بوو دوور لە موجامەلەی یەکتریو گەورەکردنو بچووککردنەوەی ئەوو ئەم، ئەمجارەیان بە ئاراستەیەکی جیاوازو کراوە دەست بۆ خودی ئاریشەو گرفتەکان درێژبکەین، بۆ خاتری ئەوەی منیشو ئێوەش بە دوعای نەزانو قین لە دڵان نەڵێین ئامین، لەگەڵ ئەوەشدا بوار نەدەین کەس نانو پیازی پێوە بخواتو بە گفتوگۆکەمان پێبکەنێت. هەرچەندە بەتەواوی قەناعەتەوە پێموایە قسەو لێدوانو نووسینو مامەڵەی ئەو دوولایەنە جگە لە وروژاندنێکی رووکەشیانەی بابەتەکان، نەیانتوانیوە یان نەیانویستووە لە ئەسڵی مەسەلەکەوە نزیک بکەونەوە، بێگومان ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، یەکێک لەو هۆکارانە هەستکردنە بە نەبوونی شەفافییەت لە بەڕێوەبردنو ناعەدالەتی لە دەسەڵاتدا، بەلای منەوە ئەم دوو روئیایەش لە ململانێدان، بەتایبەتی لەنێو دوو کارەکتەری سیاسیو لەگەڵ ئەوەشدا کوردستانی. مەحاڵە سەنگی مەحەک، بۆ راستیو ناڕاستی یان باشو خراپ لەنێوان ئەمو ئەودا بدۆزیەوە، چونکە واقیعی سیاسیو ئیداریو کۆمەڵایەتیو کلتووریی کوردستان ئەمڕۆکە تەنها توانای بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە بوونەوەرەی هەیە کە لە دوێنێو ئەمڕۆماندا رۆژانە لەسەر شانۆی سیاسیو ئیداریی کۆمەڵگەی کوردی نمایش دەکرێن، هەر ئەوەشە بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو جۆرە چەمکو پرسانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، وەک نەخۆشییەکی موزمین بە جەستەمانەوە بمێنێت، بێگومان بەو هەموو ڤایرۆسەوە کە گشت گیانمانی تەنیوە، باسکردن لە چەمکی دەوڵەتو ئیدارەو ئازادیو شەفافییەتو دیموکراسییەت لە کوردستان، نەک هەر بەدەستهێنانیان خەونە، بەڵکو ناوهێنانو بانگەشە بۆکردنیشیان تاوانە گەر دڵنیانەبین لەوەی کە ئێمەی کورد لە کوێندەرێی ئەو چەمکو واقیعانەداین، بە هەمانشێوەش پرسی گەندەڵیو دەسەڵاتو نەبوونی کادیری دەوڵەتیو هتد.... لە واقیعی کوردستاندا تەنها قسەو سارێژکردنو بنبڕکردنیان وەهمێکی گەورەیە لە دیدی ئێمەوماناندا دەگوزەرێت گەر پێمان وابێت ئەو یان من چارەسەرو رێگەچارەیەکم پێیە بۆ ئەو کێشەو گرفتانە.

## مام جەلالو نەوشیروان

«منیش مارکسیم، بەڵام مارکسییەکی ئاقڵم»، ئەمە وتەیەکی نەنووسراوی کۆنی مام جەلالی سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو سەرۆک کۆماری ئێستای عێراقە، بێگومان لە مەغزای ئەو رستەیەدا کەسێکی تا سەر ئێسقان چەپت بەرچاو دەکەوێت، بەڵام وەک خۆی وتەنی چەپێکی نوێخوازو هەڵگری بیری سۆسیال دیموکرات، نەک لە یەک کاتدا هزرێک مارکسی بێتو دنیای دەرەوەش نەناسێت، مام جەلال بەردەوام ویستوویەتی لە سەربازگەی خۆرهەڵات هێز وەرگرێتو لە وێستگەی خۆرئاواش هەنگاو بهاوێت، ئاکامەکەشی واکەوتەوە، ئێستا خۆی، نەک یەکێتی هەڵگری سەرمایەیەکی گەورەی قوتابخانەی سۆسیال دیموکراتەو کەسایەتییەکی ناسراوی جیهانی سیاسەتو دیبلۆماسییەتە، وزەی ئەو سەرمایە مەعنەوییەشی بۆ

> نەوشیروان هات مۆدێلێکی دیکەی بۆ قسەکردن لەسەر دەسەلاتو حکومەتو میدیاو ئازادیی بۆ نمایشکردین، کە بەلای منەوە ئەم نمایشکردنە هێشتا نزیک نەکەوتووەتەوە لە جەوهەری دەردەشەکەوە



ئەو کلتوورە دەگەڕێتەوە کە سلوکو فیکری ئەوی لەسەر بیناکراوە، ئەو بەردەوام چەند هەنگاوێک لەپێش شیوعییەکانەوە دەکەوتو گەمەیەکی جوانی لەنێوان چەمکی پرۆلیتاریاو واقیعو شۆڕشی نەتەوەییو رزگاریخوازیدا دەکرد، ئەم یارییەشی ئاکامەکەی بە راستەقینە گەیشت، وەک کۆنە شیوعییە هەڵگەڕاوەکان دەڵێن «تۆتالیتاریەتی پرۆلیتاریە، تا ئەو شوێنە بەکەڵکی ژیان دێت کە لە هزری کەسەکاندا دەگوزەرێت، بەڵام گەر بووە واقیعو چووە بواری جێبەجێکردنەوە، ئیدی خۆزگە بە نەبوونی دەخوازیت». دەشێت مام جەلال بە سوودوەرگرتن لە شکستی دەسەڵاتی سۆڤیەتو گەشەی بیری ناسیۆنالیزمیو هاتنەکایەی قوتابخانەی جودا جودای فیکریو شۆڕشگێری لە دنیای تازەدا، ئەمیش کلێشەی تێگەیشتنی خۆی دەرهەق بەو گۆڕانو فیکرە تازانەی دنیای دەرەوە، جارێکی دیکە رێکخستبێتەوە، بێگومان بەوپێیە لەوە دەگەین کە خۆڕێکخستنو خۆنۆژەنکردنەوە یەکێک بووە لە تایبەتمەندییەکانی خولیاو مەرامەکانی ئەو، بۆیە لەوەتەی مام جەلال کاری سیاسەت دەکات، بە هەزار شێوە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو هەمیشە نوێکارانە کاری لەسەر سیاسەت کردووە، هەڵبەتە ئەو قسەیەشم بەو مانایە نییە کە بۆ بەڕێزیان خوانەخواستە سیفەتێکی خراپ بووبێت، بەپێچەوانەوە ئەم مۆراڵە هەڵگری زۆرێک لە نۆرمی ژیانە کە پێویستە هەموو سەرکردەیەکی سیاسیو نەتەوەیی دەرهەق بە گۆڕانو شتە تازەکانی دنیا لە ناخو جەستەیدا چەکەرە بکاتو دواجاریش بەوشێوەیە مامەڵەبکات. من مام جەلال بە توحفەیەکی سیاسیو بواری دیبلۆماسییەت دەبینمو وەک قوتابخانەیەک وایە، بەڵام لەناو یەکێتیدا نا، بەڵکو مام جەلال هەمیشە رەوشتە گەورەکانی لە دەرەوەی حیزبەوە رەنگی داوەتەوە نەک لەناو چوارچێوەی پارتەکەیدا، بەڵگە زۆرە کە بەڕێزیان لەکاتی کاری حیزبیو رێکخستنو بوارە تایبەتییە سیاسییەکانی نێو یەکێتیدا لە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا زیاتر کاریگەر بووە بە سلوکی ئەو سەرکردە توندڕەوانەی خۆرهەڵات، کە حیزبو ئایندەکەی دەبەستنەوە بە تەمەنی خۆیان، بێگومان ئەمەش پەیوەندیی جەوهەریو راستەوخۆی هەیە بە کلتووری خۆرهەڵاتەوە کە وەک هیگڵ گوتەنی «خۆرهەڵات بەردەوام کارەکتەری کاریزمی بەرهەم دەهێنێت، بۆیە مومکین نییە پرسی دیموکراسییەت لەناویدا گەشە بکات»، لەگەڵ ئەوەشدا کەسایەتیی مام جەلال لە دەرەوەی حیزبدا زۆر جیاوازترەو لەگەڵ گروپو هێزە دۆستو نەیارەکانیدا بە رادەی پێویست بە ئەدایەکی دیموکراسییانەو مەدەنییانە مامەڵە دەکات، ئەم ئەداکردنە جیاوازەی ئەو لەنێو حیزبو دەرەوەی پارتەکەیدا چەند لێکدانەوەیەکی بۆ دەکرێت، یەکێکیان وەک ئاماژەم پێدا هەمیشە سەرکردەی خۆرهەڵاتی دەبێت دەسەڵاتو حوکمەکەی مەرکەزیو شمولی بێت، ئەگینا تەمەنی حوکمڕانییەتییەکەی زۆر درێژ نابێتو زوو پەتی سەرۆکایەتییەکەی دەپچڕێت. مام لێرەدا هەم لەو پرەنسیپە لاینەداوە، هەمیش توندبووە لەگەڵ سەرکردایەتیو بنکردایەتی حیزبدا، وەک یەکێک لە سەرکردایەتییە کۆنەکانی یەکێتی بۆی دەرخستم «ئەمەشی بۆ ئەو تێگەیشتنە دەگەڕێتەوە کە مام جەلال پێیوابووە ئەوان ئەقڵو هزری سیاسییان لەو ئاستەدا نییە تا جڵەوی حیزبییان بدرێتە دەست، بۆیە بەردەوام حەسانەی مانەوەی خۆی لە بێ قودرەتیو بێ ئیمکانییەتی فیکریو سیاسیی ئەندامانی خۆی وەرگرتووە»، من ئەم لێکدانەوەیەی ئەو برادەرە بەهەند وەردەگرم، چونکە لە فەلسەفەی سیاسیدا کە باسی سەرکردەی کاریزمی دەکات، یەکراست ئەوەت بە بیردەهێنێتەوە کە بوونو پێکهاتەی سەرکردەی کاریزمی لە دەرئەنجامی ئیحتیکاری دەسەڵاتو مۆنۆپۆڵییەتی فیکریو توانای زاتی کەسانی دیکەوە بەرهەم دەهێنرێت. هەر لەوبارەیەوەش ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە دانیشتنێکدا ئەوەی درکاند کە مام جەلال لەناو چوارچێوەی حیزبدا مامەڵەو بڕیارەکانی تاکلایەنانەیەو بیرکردنەوەیەکی ستالینانەی بۆ سیاسەتو ژیان هەبووە، کە دەڵێت «هەر بە تەنها خۆم»، بێگومان نموونەگەلێکی زۆر هەن کە دەریدەخات ئەو بەوشێوەیە مومارەسەی لەگەڵ واقیعی حیزبو ئایندەی خۆیو پارتەکەی کردووە.

هەڵبەتە ئەو حیکایەتو باسەم بۆ خاتری ئەوە هێنایەوە تا نزیک بکەومەوە لە جەوهەری لێکۆڵینەوەکەم، تا بەرچاوڕوونی بدەم لەسەر ئەوەی کە زەروریەتی تێکەڵکردنی ناوی کاک نەوشیروانو مام جەلال بەیەکەوە تەنها ئەوە ناگەیەنێت ئەمانە سەردەمانێک بەیەکەوە بوونو هەریەکێکیشیان رۆڵو پێگەی تایبەتی خۆیان لە وەرچەرخاندنی رووگەی

> من مام جەلال بە توحفەیەکی سیاسیو بواری دیبلۆماسییەت دەبینمو وەک قوتابخانەیەک وایە، بەلام لەناو یەکێتیدا نا، بەڵکو مام جەلال هەمیشە رەوشتە گەورەکانی لە دەرەوەی حیزبەوە رەنگی داوەتەوە نەک لەناو چوارچێوەی پارتەکەیدا

سیاسیی یەکێتیو رەوتی بزوتنەوەی رزگاریو سیاسیی کورد هەبووە، بە مانایەکی دیکە مەبەستمە قسە لەسەر ئەو دوو کەسایەتییە بکەم وەک دوو گروپی فشار یان قوتب، کە هەمیشە بە ئاشکراو نهێنی شەمەندەفەری حیزبییان وەرچەرخاندووە بەلایەکدا. نەوشیروان بەردەوام وەک سەرکردەیەکی چاپوکی پشت پەردە سەیرکراوە، تا رادەی ئەوەی پێی بوترێت «بلانسی مانو نەمانی یەکێتی»، هەر ئەوجۆرە لێکدانەوەو تێڕوانینە دواجار وایکرد کە جەستەی ئەو شانۆیەی کە ئەو دوو کارەکتەرە سەردەمانێک رۆڵیان تێدا دەبینی، ئەمڕۆکە بکەوێتە ژێر پرسیارەوە، ناکۆکیو جیاوازیی بۆچوونیان لە بەرامبەر حیزبو سیاسەتو ئیدارەو حکومەت، تا ئاستی ئەوە رۆیشت کە ئیتر توانای ئەوەیان نەمێنێت لەگەڵ یەکتردا لە یەک وێستگە بەیەکەوە چاوەڕوانی شەمەندەفەری گۆڕان بکەن، بە رادەیەک ئەو جیاوازییە گەشەی کرد تا قوڵایی رەخنە لەیەکترگرتنو هەڵدانەوەی لاپەڕەی یەکتر رۆیشت، ئەم لێکترازنە من بە سروشتی دەبینمو پێشموایە دەبوایە زۆر لەپێشتر روویبدایە نەک ئێستا، هەرچەندە جەدەلی نێوان مام جەلالو نەوشیروان دەمێکە لەئارادایەو بە ئاشکراش هەستی پێکراوە، بەڵام مام هەمیشە بە ئسلوبی خۆی دەرزییەکی موسەکینی لەو شێرە هارە داوە تا بۆ ماوەیەکی دیکە هێوربێتەوە، ئەم فۆرمی بێدەنگردنە درێژەی کێشا، تا شێرە نووستووەکە بە ئاگاهاتەوەو ئیدی مەناعەی پەیداکردو چیتر دەرزییە موسەکینەکە نەیتوانی رێگە بە رۆیشتنی بگرێت. نەوشیروان رۆیشتو دنیایەک پرسو کێشەی چارەنووسسازی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام کێشەگەلێک کە هیچکام لە ئێمە هێشتا توانای ئەوەمان نییە نەک چارەسەری بکەین، بەڵکو قودرەتمان نییە وەک خۆشیان بیانناسینو پێناسەیان بکەین. پرسی دیموکراسیەتو ئیدارەو دەوڵەتو مەدەنیەتو کۆمەڵگەی کراوەو شەفافیەتو گەندەڵیو هتد... بابەتگەلێکن کە ئیشکالیەتی گەورەی بۆ تاکی کورد بەرهەمهێناوە کە تا ئێستا نازانێت چی لەو چەمکانە بکات، کە رۆژانە لەسەر زاری بەرپرسو سەرکردەو راگەیاندنەکانیاندا بەکاری دەهێنێت، نەوشیروان هات مۆدێلێکی دیکەی بۆ قسەکردن لەسەر دەسەلاتو حکومەتو میدیاو ئازادیی بۆ نمایشکردین، کە بەلای منەوە ئەم نمایشکردنە هێشتا نزیک نەکەوتووەتەوە لە جەوهەری دەردەشەکەوە، بەڵام خاڵێکی باشە بۆ ئەوەی لە جاران زیاتر گرنگی بدەین بەو سەکۆیانە کە دنیای تازەمان پێدەناسێنن. لێرەدا لەو حاڵەتە پراکماتیکیانە نزیک دەبینەوە کە مەحافیلی قەتیعەی دەسەڵاتو مەعریفەی مام جەلالو نەوشیروان دیاریدەکات، بەلای منەوە مام ئەو کارەکتەرە بەهێزە کاریزمییەیە کە توانای وەرچەرخاندنو ئاراستەکردنی سیاسەتو تێگەیشتنی کەسانی دیکەی هەیە، بەڵام بەبێ نەوشیروان مستەفا. نەوشیروانیش ئەو سیاسیيە بیرکەرەوەیە کە هەمیشە ترسی لە دەوروبەرو خۆشی هەبووە کە فێڵی لێبکەنو بە لاڕێیدا بەرن، بۆیە بەگومانەوە هەنگاو دەهاوێتو زۆر درەنگ بڕیاردەداتو زۆریش بەئاگایە لە جوڵەکانی، ئەمەش ئەو بوونەوەرەیە کە نوخبەی نێو کۆمەڵگەی کوردی پێویستی پێیەتی تا چیتر بە ئاقاری گومڕاییدا نەیبەن.

www.rozhnama.com

تەوەر

## ڕێکخراوە ناوخۆییەکان لە ڕوانگەی حیزبەکانی خۆرهەڵاتەوە

سەرپەرشتیاری تەوەر: شەهرام عەبدوڵڵا

# ڕامبۆد لوتفپوری: ئەوەی ڕێکخراوەکان نرخی بۆ دەدەن ئامانجی ئێمەشە

**ڕامبۆد لوتفپوری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێیوایە کە هەندێک لە ڕێکخراوەکان دەبێت خۆیان لەژێر هەژموونی ئەو بزاوتە فارسییە سەراسەریانەی کە لە ئێراندا هەن دەربازبکەن و خاوەن گوتارو بڕیاری سەربەخۆی خۆیان بن، لوتفپوری لە چوارچێوەی ئەم تەوەرەدا ڕوانگەی حیزبەکەی لەسەر ئەو ڕێکخراوانە دەخاتەڕوو.**

**بەرەی یەکگرتووی کورد:**

ئەم بەرەیە لە کۆمەڵێک کەسایەتیی جۆراوجۆر پێکهاتووە کە دەتوانین بڵێین بەشێکیان لە کەسایەتییە خەڵکی و دڵسۆزەکانی کوردستانن و هەوڵدەدەن لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی ئێراندا کاربکەن، بەپێی یەکەم ڕاگەیەندراویان ئەم بەرەیە لەسەر سێ بنەمای دادپەروەری، گەشەو دیموکراسی دامەزراوە، کە لە ڕاستیدا دەتوانین بێژین دوو بنەمایە چونکە «گەشە»و دیموکراسی دوو بابەتی لێک گرێدراون، واتە دیموکراسی بەشێکە لە پرۆسەی گەشە (توسعە)و تەنها لە بوونی دیموکراسیشدایە کە گەشە مانای خۆی دەبینێتەوە. بەرەی یەکگرتووی کورد کە ناوەندە سەرەکییەکەی لە تارانە، تا ئەوکاتەی کە بەڕێز (بەهادین ئەدەب) مابوو، تا ڕادەیەک چالاک بوون و (بەهادین ئەدەب) هەم لەبەرئەوەی کە کەسایەتییەکی خۆش ناوو هەم لە باری ئابوورییەوە سەرمایەدارێکی گەورە بوو، ئەڵقەی پێکەوە گرێدانی سەرجەم ئەو کەسانە بوو کە لە چوارچێوەی ئەو بەرەیەدان، بەڵام بەداخەوە پاش نەمانی ناوبراو چالاکییەکانی ئەم بەرەیە بەرەو کزی چووەو جۆرێک ململانێ کە ڕەنگە لە یەکڕیزیان کەم بکاتەوە، لەنێویاندا هەیە.

بەهەرحاڵ ئەگەرچی ڕەنگە لە زۆر ڕەهەندەوە بتوانین ڕەخنە ئاراستەی ئەم بەرەیە بکەین، بەڵام ئەوەش حاشاهەڵنەگرە کە بوونی ئەم بەرەیە دەتوانێت کاریگەریی هەبێت و جۆرێک لە خەباتی سیڤیل و نیمچە یاسایی لە ناوخۆ پێش بخات.

**ریفۆرمخوازانی کورد:**

ریفۆرمخوازانی کورد کە لە خولی دووەمی سەرۆکایەتیی محەمەد خاتەمیدا لە ئێران دروستبوون، درێژکراوەی هەمان پرۆژەی ریفۆرمیستەکانی نێو دەسەڵاتی ئێرانن کە لە دووی جۆزەردانی ١٣٧٦ی هەتاوی، واتە ١٩٩٧ی زایینیدا توانیان بەشێک لە دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. ریفۆرمخوازانی کورد زیاتر لە کەسانێکی کوردی نێو دەسەڵاتی کوماری ئیسلامی پێکهاتوون، تەنانەت هەندێکیشیان کاتی خۆی لە چوارچێوەی (پێشمەرگانی موسوڵمان)دا دەستیان هەبووە لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورددا، کەوابوو پێویستە سەرەتا پێداچوونەوەیەکی ڕوانگەکانی خۆیان بەرامبەر بە کێشە سیاسییەکانی ئێران و بەتایبەت کێشەی کورد بکەن و ئینجا لەنێو جەماوەردا پڕوپاگەندەی ریفۆرم و گەشەی سیاسی بکەن.

بە گشتی ئێمە پێمانوایە پرۆژەی ریفۆرم لە ئێراندا کە ریفۆرمخوازانی کوردیش درێژکراوەی ئەم پرۆژەیەن، پرۆژەیەکی ناسەرکەوتووە، چونکە پێکهاتەی کوماری ئیسلامی ریفۆرم هەڵناگرێ.

لەلایەکی دیکەشەوە ریفۆرمیستان لە ئێراندا قەت نەیانتوانیوەو ناشتوانن میکانیزمیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو وڵاتە بەتایبەت سەرەکیترینیان کە کێشەی نەتەوایەتییە، هەبێت، هەوڵدان بۆ دیموکراتیزاسیۆن لەژێر سێبەری دەسەڵاتێکی تۆتالیتێری وەک کۆماری ئیسلامی و ئەویش بەبێ جێبەجێکردنی پێش مەرجەکانی، کە یەکیان چارەسەری کێشەی نەتەوەییە لە گەشبینانەترین خوێندنەوەدا، هەوڵێکی بێ ئەنجامە، دەنا دەتوانین بێژین سیناریۆیەکە بۆ خاپاندنی خەڵک واتە ئەوپەڕی توانای ئەوان، ئەوەیە کە میکانیزمیان بۆ کۆنترۆڵی دۆخەکە و پاراستنی کۆماری ئیسلامی هەیەو هیچی تر.

**فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان:**

لە ڕاستیدا فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێران لە خولی دووەمی دەسەڵاتداریەتی ریفۆرمخوازاندا توانی کاریگەرییەکی هەبێت و تا ڕادەیەکیش لە ڕێگەی ئەو دەرەتانە یاساییەی کە خۆی لە مادەکانی ١٥و ١٩ی یاسای بنەڕەتی ئێراندا دەبینێتەوە، توانی پێداگر بێت لەسەر هەندێک لە مافەکانی خەڵکی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان و ئەو مافانەش مافی کلتووری بوون نەک سیاسی، بەڵام فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە ئێستادا کە باڵی بناژۆخواز لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران دەسەڵاتداریی دەکات، زیاتر بوونێکی کارتۆنی هەیەو نەیتوانیوە بەگوێرەی پێویست هەڵوێستی هەبێت، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەشوهەوا سیاسییەی کە لە ئێراندا زاڵەو دەکرێت بە گشتی بڵێین کە فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان لەژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاددایەو هەڵوێستێکی سەربەخۆو ڕەخنەگرانەیان نییە.

> **پرۆژەی ریفۆرم لە ئێراندا کە ریفۆرمخوازانی کوردیش درێژکراوەی ئەم پرۆژەیەن، پرۆژەیەکی ناسەرکەوتووە، چونکە پێکهاتەی کوماری ئیسلامی ریفۆرم هەڵناگرێ**

**چالاکانی بواری خوێندکاریی:**

چالاکی خوێندکاریی لە خۆرهەڵاتی کوردستان خاوەن مێژوو و ڕابردوویەکی تایبەتەو ڕۆڵی هەبووە لە پێشخستنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا لەم بەشەی کوردستان، پاش هاتنە سەرکاری خومەینی و هاوبیرانی لە ئێران، بزووتنەوەی خوێندکاریی وێڕای بزووتنەوەکانی دیکە، بە توندی سەرکوتکرا، پاش هاتنە سەرکاری ریفۆرمخوازان لە ئێران بزووتنەوەی خوێندکاریی لەم وڵاتەدا سەرەتا لە چوارچێوەی (ئەنجومەنی ئیسلامی خوێندکاران) خۆی ڕێکخستەوەو پاش دامەزراندنی زۆر بنکەو ناوەندی ڕۆشنبیری، کلتووری و هونەری بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەم بزووتنەوەیە پێ بنێتە قۆناغێکی نوێوەو ببێتە دینامیزمێکی سیاسی لە کۆمەڵگەدا.

لەم سەردەمەدا خوێندکارانی کوردیش توانیان لەو دەرەتانە کەڵک وەرگرن و بە دامەزراندنی بنکەو ناوەندی جۆراوجۆرو دەرکردنی دەیان گۆڤارو بڵاوکراوە لە زانکۆکانی ئێران، بوونێکی ئەکتیڤیان هەبێت، پاش هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژاد، بزووتنەوەی خوێندکاریی بەرەوڕووی قۆناغێک بووەوە کە تێیدا هەموو دەرەتانەکان داخران و کەشێکی میلیتاریستی باڵی بەسەر زانکۆکاندا کێشا، لەم دۆخەشدا دیسان دیتمان کە چالاکانی خوێندکاریی کورد بێدەنگ نەبوون و بەردەوام خاوەن هەڵوێست بوونە، خوێندکاران لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بن دەورو ڕۆڵێکی تایبەت و چارەنووسساز دەگێڕن، بۆیە لەم سۆنگەشەوە پێموایە چالاکانی خوێندکاریی خۆرهەڵاتی کوردستان کاریگەرییان لەسەر بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان و گوتارو ئەدەبیاتی سیاسی هەیە.


ڕامبۆد لوتفپوری

**چالاکانی بواری ژنان:**

ئەمانیش دیسان دەکرێت بڵێین زیاتر لە سەردەمی ریفۆرمخوازاندا گەشەیان کردو بە جۆرێک خۆیان ڕێکخست، ئەوڕۆکە بزاڤی ژنان لەپێناو سڕینەوەی کۆمەڵێک نەریتی ناحەز کە بەداخەوە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا باون، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیەو توانیویانە بە ڕۆشنگەری و چالاکیی خۆیان بە دەیان و سەدان ژن و کچ و بنەماڵە ڕزگاربکەن و هەر لەم سۆنگەشەوە توانیویانە تا ڕادەیەک نەریتە پاشڤەڕۆکانی کۆمەڵگە تووشی قەیران بکەن، بەتایبەت ئەو نەریتانەی کە ڕەوایی بە چەوساندنەوەی ژنان و پێشێلکردنی مافەکانیان و سیستمی پیاوسالاری دەدەن، چالاکانی بواری ژنان لە خۆرهەڵانی کوردستان لەپێناو ئامانجەکانیاندا کە زیاتر خۆی لە یەکسانیی مافی ژن و پیاو لە بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێتەوە، توانیویانە لەژێر کاریگەریی بزووتنەوەیەکی سەراسەریدا جۆرێک گوتارسازی بکەن، لە ڕاستیدا ژنان لەم پێناوەدا زۆر نرخیان داوە کە جێی پێزانین و دەستخۆشییەو لە بەندا بوونی چەند چالاکێکی بواری مافی ژنان، خۆی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە.

**ڕێکخراوی بەرگریی لە مافی مرۆڤی کوردستان:**

ئەم ڕێکخراوە کە پێش هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژاد، دامەزرانی خۆی ڕاگەیاندو چالاکیی دەستپێکرد، هەتا توانیویەتی ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی هەبێت لە پەردە هەڵدانەوە لەسەر ئەو تاوانانەی کە کۆماری ئیسلامی ڕۆژانە لە کوردستاندا دەیانخولقێنێ و خستنەڕووی پێشێلکارییەکانی حکومەت سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە خۆرهەڵاتی کوردستان و ڕاگەیاندنیان بە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان.

ڕێکخراوی ناوبراو بە ڕاستی لەم پێناوەدا توانیویەتی بە دەیان مرۆڤی کورد ڕزگاربکات و نەهێڵێت لە چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیدا لەنێوبچن، ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لەم پێناوەدا نرخی زۆری داوەو بەردەوام ئەندامەکانی کەوتوونەتە بەردەم هەڕەشەو ئازارەوە، هەر ئێستاش سەرۆکەکەی (کەبوودوەند) لە بەندیخانەی (ئێڤین)ی تاراندایە، ئەوەی ڕاستی بێت ئەم ڕێکخراوە لە زۆر ڕەهەندەوە کاریگەریی هەبووەو جێگەی خۆیەتی کە دەستخۆشیان لێ بکرێت.

ئەو ڕێکخراوو دامەزراوانەو چالاکانی بوارە جۆراجۆرەکان پێویستە بەشێوەیەکی فرەڕەهەند بچنە پێشێ و جۆرێک لە خەباتی سیڤیل و نیمچە یاسایی پێشبخەن، هەروەها دەتوانن ڕۆڵی زۆریان هەبێت لەپێناو بردنەسەری ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی خەڵک و دەبێت یەکگرتووانە لەم پێناوەدا کاربکەن، هەروەها پێویستە پلانمەندو بە بەرنامەتر بن بۆ ئەوەی زیاترین قازانج بکەن و کەمترین نرخ بدەن.

ڕەخنەگرتن لەم لایەنانە دەبێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کەش و ئیمکاناتە بێت کە ئەوان کاری پێدەکەن، بەڵام تەنها ڕەخنەیەک کە هەیە ئەوەیە کە هەندێکیان دەبێت خۆیان لەژێر هەژموونی ئەو بزاوتە فارسییە سەراسەریانەی کە لە ئێراندا هەن، دەرباز بکەن و خاوەن گوتارو بڕیاری سەربەخۆی خۆیان بن، چونکە ئەو بزاوتە فارسییە سەراسەریانە لە ناوەڕۆکدا گەلێک لە ئامانجەکانی نەتەوەی کورد دوورن و تا ڕادەیەکیش گیانێکی شۆڤێنیانەیان بەسەردا زاڵە.

ئێمە هەر ئێستاش خۆمان لەگەڵ زۆربەیان بە نزیک دەزانین و ئەو شتانەی کە ڕۆژانە ئەوان لە ناوخۆ نرخی بۆ دەدەن، ئامانجی ئێمەشن و لەمێژ ساڵە خەباتی بۆ دەکەین و هەرکاتێک دەرەتانی ئەوە بڕەخسێ و بەرژەوەندیی نەتەوەیی لەئارادا بێت، ئێمە لە هیچ چەشنە هاوکارییەک لەگەڵیان کەمتەرخەم نابین.

> **فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان لەژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاددایەو هەڵوێستێکی سەربەخۆو ڕەخنەگرانەیان نییە**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٣٥٢ –R٤**

پرۆژە: دروستکردنی یاریگای نموونەی لە پێنجوێن
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٥ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٩ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٩ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٩ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ٣) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سەد ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیـاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠,٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٢٩٩ –R١**

پـرۆژە: دروستکردنی بینای بەڕێوەبەری ناحیەو (١٩) خانوو بۆ فەرمانبەران لە ناحیەی زەلان (دووبارە)
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٣ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٦ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١١ کاتژمێر ٦-٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١١ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ٥) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢٤,٠٠٠,٠٠٠) بیستو چوار ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیـاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان — ژمارە: ١١/ب/٢٠٠٨
ئەنجومەنی دادوەری — بەروار: ٢٠٠٨/١٠/٢٨
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی
کەرکوک لە سلێمانی
دادگای بەرایی چەمچەماڵ

**ئاگاداری**

بۆ داوالێکراو (رشید محمد امین) کە ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە
داواکار (عبدالله محمد ملک)
داوایەکی لەسەرت تۆمار کردووە بە ژمارە ١١/ب/٢٠٠٨ کە تێیدا داوا دەکات (تملیک کردنی خانووی ژمارە ١٢/٨٥ م١ چەمچەماڵ بە ناوی خۆی) وە ئەرکو ماندوبوونی داواکەش بخرێتە ئەستۆت، هەروەکو لەو ئاگادارنامایەی بۆت نێردراوە دەرکەوت کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە، بۆیە بڕیاردرا کە ئاگادار بکرێیتەوە لە رێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی فەرمی ناوخۆوە، بۆ ئەوەی ئامادەبی لە بەردەم ئەم دادگایە، سەرلەبەیانی رۆژی (٢٠٠٨/١١/١٨)، بەپێچەوانەوە ئەگەر خۆت یا نوێنەری یاسایت ئامادە نەبێت، ئەوا دادبینی ئاشکراو غیابی بەرامبەرت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**صلاح الدين احمد عارف**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان — ژمارە: ٥٦٦/ب/٢٠٠٨
ئەنجومەنی دادوەری — بەروار: ٢٠٠٨/١٠/٢٣
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی کەرکوک لە سلێمانی
دادگای بەرایی چەمچەماڵ

**ئاگاداری**

بۆ داوالێکراو (أمينە محمد عبدالله) کە ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە
داواکار (رضا محمد سلمان)
داوایەکی لەسەرت تۆمار کردووە بە ژمارە ٥٦٦/ب/٢٠٠٨ کە تێیدا داوا دەکات (تملیک کردنی بەشە موڵکەکەت کە (٧) بەشە، لە موڵکی ژمارە ٣٧ کەرتی ١ چەمچەماڵ) وە ئەرکو ماندوبوونی داواکەش بخرێتە ئەستۆت، هەروەکو لەو ئاگادارنامایەی بۆت نێردراوە دەرکەوت کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە، بۆیە بڕیاردرا کە ئاگادار بکرێیتەوە لە رێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی فەرمی ناوخۆوە، بۆ ئەوەی ئامادەبی لە بەردەم ئەم دادگایە، سەرلەبەیانی رۆژی (٢٠٠٨/١١/٩)، بەپێچەوانەوە ئەگەر خۆت یا نوێنەری یاسایت ئامادە نەبێت، ئەوا دادبینی ئاشکراو غیابی بەرامبەرت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**شوان حبيب صالح**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٢٤٨ –R٤**

پـرۆژە: دروستکردنی بینای بەڕێوەبەری ناحیەو (١٩) خانوو بۆ فەرمانبەران لە بیارە (دووبارە)
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٣ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٦ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١١ کاتژمێر ٦-٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١١ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ٥) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢٢,٠٠٠,٠٠٠) بیستو دوو ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیـاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ١٨٩ –R٣**

پرۆژە: پرۆژەی دروستکردنی زاڵگەو رێگای (بان ئاسیاو بەردەسوور)و لێدانی بیر لە کەلار (دووبارە)
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٣ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٦ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١١ کاتژمێر ٦-٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١١ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ٦) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) بیست ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیـاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٣٠٦ –R٤**

پـرۆژە: دروستکردنی بنکەی تەندروستی (TYPE C) لە ناڵپارێز (دووبارە)
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٣ دەست پێدەکات تا رۆژی ٢٠٠٨/١١/٠٦ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١١ کاتژمێر ٦-٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٨/١١/١١ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ٦) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٧,٠٠٠,٠٠٠) حەڤدە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیـاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

رۆژنامە
راستگۆیی، بێلایەنی، وردبینی

زۆرترین و نوێترین زانیاریی دروست لە ئێمە وەربگرە

# روونكردنەوە

لە ژمارە ٣٣٣ی رۆژی ٢٠٠/١٠/٢٨دا لە لاپەڕە سێ بابەتێک لەژێر ناونیشانی نەخۆشی ئەنتراکس گەیشتە کەرکوک، لێدوانێک بەناوی منەوە بڵاو بووەتەوە، کە گوایە دوای بڵاو بوونەوەی ئەو نەخۆشییە لە دهۆکەوە گەیشتووەتە سنووری ناحیەی شوان، من ئەوە بە ئێوەو خوێنەران رادەگەیەنم، کە من لێدوانی لەو شێوەیەم رانەگەیاندووەو ئاگایشم لێی نییە، لەبەرئەوەی من بەچەند رۆژنامەیەکم وتووە کە بریینی دوو هاوڵاتی براوە بۆ پشکنینو تاوەکو ئێستاش وەڵامەکەی نەهاتووەتەوە. بۆیە تەئکید دەکەمەوە لەوبارەیەوە من لێدوانم نەداوە بە رۆژنامەکەتان.
لەگەڵ رێزمدا...

**د.سۆزان ئیبراهیم**
**بەڕێوەبەری ڤێتەرنەری شوان**

## ونبوون

- پێناسێک بەناوی (بەخشندە حەمەساڵح) کارمەند لە تۆڕی هەواڵی کوردی ونبووە، هەر کەس دۆزییەوە تکایە بیگەڕێنێتەوە بۆ کۆمپانیای وشە/ KNN.

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای تاوانی کەرکوک
ژمارە: ٢٣٥/ج/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٨/١٠/٢٩ زایینی

**«ئاگاداری»**

بۆ تۆمەتباری راکردوو ١- عدالت صالح فتاح ٢- هریم ابراهیم صالح
لەبەرئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٠٦) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (کفری)وە لەبەرئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٨/١/١٦ لە بەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

**سەرۆک**
**أكرم فرج أمين**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای تاوانی کەرکوک
ژمارە: ١٦/ج/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٨/١٠/٢٩ زایینی

**«ئاگاداری»**

بۆ تۆمەتباری راکردوو ١- ئافتاو اسماعيل علي
٢- ئاری حسين علي
لەبەرئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١/٣٧٧) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (چەمچەماڵ)وە لەبەرئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٧ لە بەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

**سەرۆک**
**أكرم فرج أمين**

---

دادگای بەرایی سلێمانی/٥
ژمارە:١٤٤٨/ب/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٨/١١/٢

**ئاگاداری**

داواکار/ عبدالرزاق رشيد حاجی مەلا
داوا لەسەرکراو/ عثمان عبدالله عزيز
ئەم دادگایە لە بەرواری ٢٠٠٨/١٠/١٩ لە داوای ژمارە ١٤٤٨/ب/٢٠٠٨ بڕیاریدا بە تەملیک کردنی موڵکی ژ/٥٣٧٩/١٣ م١ بی بی جل بەناوی داواکارەوە لە بەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بڕیاریدا بە ئاگاداکردنەوەت بە بڕیارەکە بۆ پێشکەشکردنی نارەزایی لە بڕیارەکە لە ماوەی (٣٠) رۆژدا لە بەرواری بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە، بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

**دادوەر**
**عبدالله اسماعيل امين**

---

دادگای کەتن سلێمانی/١
ژمارە: ٨١٥/ج/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٨/١٠/٢٧ زایینی

**«ئاگاداری»**

بۆ تۆمەتباری راکردوو کوردۆ محمود حمە
لەبەرئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٤) لە یاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سارداو)وە لەبەرئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٢/٩ لە بەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

**دادوەر**
**عادل محمد توفيق**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای تاوانی کەرکوک
ژمارە: ٣٦١/ج/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٨/١١/٢ زایینی

**«ئاگاداری»**

بۆ تۆمەتباری راکردوو پشتیوان علي محمد
لەبەرئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٤) لە یاسای (مرور) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (چەمچەماڵ)وە لەبەرئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/١/١٨ لە بەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

**سەرۆک**
**أكرم فرج أمين**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای تاوانی کەرکوک
ژمارە: ٥١/ج/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٨/١٠/٢٩ زایینی

**«ئاگاداری»**

بۆ تۆمەتباری راکردوو بەختیار رفيق حمە
لەبەرئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣١) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (چەمچەماڵ)وە لەبەرئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٦ لە بەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

**سەرۆک**
**أكرم فرج أمين**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای تاوانەکانی کەرکوک
ژمارە: ٣٠٦/ج/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٨/١١/٢ زایینی

**«ئاگاداری»**

بۆ تۆمەتباری راکردوو عبدالرحمن مصطفى قادر
لەبەرئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٠٦) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (کێوەڕەشی/ رانیە)وە لەبەرئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/١/١٨ لە بەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

**سەرۆک**
**أكرم فرج أمين**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای تاوانەکانی کەرکوک
ژمارە: ٢٨٠/ج/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٨/١١/٢ زایینی

**«ئاگاداری»**

بۆ تۆمەتباری راکردوو ماجد محمود احمد
لەبەرئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای (چەک) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (رزگاری/ کەلار)وە لەبەرئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/١/١٨ لە بەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

**سەرۆک**
**أكرم فرج أمين**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**
adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
b.nusin@rozhnama.com

دەستـــەی نووســـەران
**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣
**هیوا جەماڵ** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤


ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی**
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info@rozhnama.com-riklam@rozhnama.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**نووسینگەی هەولێر:**
شەقامی شەست مەتری- تەنیشت وەزارەتی پیشەسازی ٠٦٦٢٥٦٩٩٨٥











چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩